# له رێنیسانس-هومانیزمەوە ڕووەو نوێسەردەمی ئەورووپی

کاوە جەلال

1

گۆڕانە هزرییەکان هەمیشە بەندن بە کاری خەباتئاسای هزرڤانانەوە، لێ لە زەمینەی کولتوورییان جیانابنەوە. ئاخر گەر ئەمە ئاوها نەبووایە، ئەوسا رێنیسانس-هومانیزمی ئەورووپی لە زۆر ناوچەی کولتووریی دیکەی دەرەوەی جیهانی کریستیانیدا دەهاتە ئاراوە، چونکە لەنێو ئەو کولتوورانەشدا هەردەم تاکەکەسان هەبوون کە خەباتیان بۆ ئازادکردنی مرۆڤ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردووە. بۆیە هەڵە دەبین گەر باوەڕ بکەین، کە گۆڕانەکانی هزر و هونەر تەنیا پابەندی کاری تاکەکەسانن، بەمەش دەشێت هەمان جۆری گۆڕان یان ئاوەڵابوونی هزر و هونەر لە ناوچەی دیکەشدا بێتە ئاراوە، ئەوجا بۆ نموونە لە بواری ئەدەبدا گۆڕانی ئەدەب وەک لای ئەورووپییەکان بەسەر کلاسیک و ڕۆمانتیک و مۆدێرنە و هتد دابەش بکرێت.

ئەم تێڕوانینە بە تایبەتی گۆڕانی رێنیسانس-هومانیزم دەگرێتەوە کە لە نێوان سەدەی پازدەیەم و هەڤدەیەمدا لە ئیتالیاوە بۆ نێو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا تەشەنە دەکات و لە نێوییەوە نوێسەردەمی ئەورووپی ئاوەڵا دەبێت. ئاخر رێنیسانس-هومانیزم کاریگەرییەکی ڕیشەیی لە گشت بوارەکانی هونەر و زانستەکان و فەلسەفەدا دەنوێنێت.

تێگەی هومانیزم لە لاتینییەوە وەرگیراوە و بە گشتی واتای "هەوڵدان بۆ هومانێتی" (مرۆڤێتی) دەگەیەنێت، یان هەوڵدانە بۆ دامەزراندنێکی ئەوتۆی کۆمەڵگە بەڕێی فێرکاری و پەروەردەوە، کە لەتەک کەرامەتی مرۆڤ و ئاوەڵاکردنی ئازادیی تاکەکەسدا بگونجێت. لێ تێگەی هومانیزم لە واتایەکی تەسکدا بریتییە لە دیاریکردنی ئەو بزاوتە فیلۆلۆژی و کولتووری و زانستییە کە لە سەدەی چواردەیەمەوە تا سەدەی شازدەیەم دەخایەنێت.

رێنیسانس و هومانیزم زۆر جار وەک سینۆنیم (موورادیف) بۆ یەکدی بەکاردەهێنرێن. لە بنەڕەتدا هەردووکیان هەمان ناوەڕۆکیان هەیە، کە بریتییە لە "ئاوەڵاکردنی مرۆڤێتیی بەرجەستە و زیندوو". تاکە جیاوازیی ئەم دوو واژەیە لە یەکدی ئەوەیە کە هومانیزم ئاوڕ بۆ نێو کولتووری ڕۆمی ئەنتیکە دەداتەوە، لێ درەنگتر، بەتایبەتی دوای ڕاونانی گریکەکانی کۆنستەنتینۆبل لە لایەن تورکەکانەوە، ئەم جۆرە خەریکبوونە مرۆڤگەرایە یان رێنیسانس ئاوڕ بۆ نێو ئەدەب و کولتووری گریکی ئەنتیکە دەداتەوە و دەیژێنێتەوە. هەر لێرەشەوە دەگەین بە واتای رێنیسانس: "ژیاندنەوەی مرۆڤی ئازادی ئەنتیکە".

ئەمەیە کێشە کرۆکیەکەی رێنیسانس: "مرۆڤ"، واتا رێنیسانس ڕوو دەکاتە ئەو زیندەوەرە یونیڤێرساڵە (گەردوونییە) کە ئاوەزمەندە و دەتوانێت جیهانەکەی ئاگامەندانە ڕێکبخات، هەروەها توانستی هزرین و جوانکاریی

هەیە، بۆیە مافی هەیە بۆ ئەوەی توانستە مرۆڤییەکانی لەنێو کرۆکی خۆیەوە ئاوەڵا بکات. لێ ئەم مرۆڤە بۆ ماوەی نزیکەی هەزار ساڵ بە زەبری دۆگمە ئاینییەکان نەوێنرا بوو، هاوکات ڕێی پێنەدەدرا "خۆی بەدیبهێنێت" (تەحقیق بکات) و گونجاو بە پێداویستییە مرۆڤییەکانی خۆی بژی، بە پێچەوانەوە، ئەم مرۆڤە ژیانێکی سادە و ناڕەخنەیی بەسەر دەبرد، بڕوای بە فریشتەی گووپن و شەیتانی پێمانگایی هەبوو، یان بە ئەودنیا و ئاشتبوونەوەی بەندەی گوناهبار لەتەک خودایەتیدا. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ناتوانین بەگونجاوی لە هومانیزم و ڕێنیسانس تێبگەین، گەر بەرەو پاش بۆ نێو چەرخی نێڤین نەگەڕێینەوە، چونکە لە بنەڕەتدا هومانیزم لەنێو هەناوی کڵێسەوە شکۆفە دەکات.

بێگومان فەلسەفەی هومانیزم و ڕێنیسانس دژبەری ئایینی کریستیانی نییە. هومانیستەکان لە یەک ڕاستییەوە دەڕوانن، ئەمەش تێڕوانینێکە کە چە فەیلەسوفەکانی ئەنتیکەی گریک و ڕۆم، چە بیبل و "باوکانی کڵێسە" (پاتریستەکان) نوێنەرایەتییان دەکرد. هاوکات فەلسەفەی هومانیزم و ڕێنیسانس لە شێوازی کارکردنیدا هێشتا هەر بەندە بە شێوازی کارکردنی زانایانی چەرخی نێڤینەوە، ئەمەش لەو واتایەدا کە ئەم فەلسەفەیەش پابەندی تێکستەکانە و بە شێوەیەکی مەزەنەیی کار دەکات. سەرەڕای ئەوە فەلسەفەی هومانیزم و ڕێنیسانس نوێیەتیی خۆی هەیە: ئێستا لەم فەلسەفەیەدا پەروەردەی کلاسیکی کێش بەسەر ئیمانی کریستیانییەوە پەیدا دەکات. ئاخر هومانیستەکان دەگەڕێنەوە بۆ نێو گاورێتیی ئەنتیکە و شێوازە پەروەردەییەکەی وەک نموونەیەک بۆ پەروەردەی سەردەم وەردەگرن. بەم شێوەیە هومانیستەکان هاوشێوەیٔ هزرڤانانی ئەنتیکە مرۆڤ بە هێز و توانستەکانییەوە دەهێننە نێو جیهانی ئەزموونەوە. هومانیستەکان نایانەوێت بوارە جیاوازەکانی ژیان و کولتوور، زانست و هونەر، بە شێوەیەکی یەکلایەنی لەنێو جیهانی کریستیانیدا ڕێکبخرێن، بەڵکو دەیانەوێت کۆمەڵگە بەڕێی فێرکاری و پەروەردەوە بە چەشنێک دابمەزرێنرێتەوە، کە ئیدی لەتەک کەرامەتی مرۆڤ و ئاوەڵاکردنی ئازادییە کەسییەکەیدا بگونجێت. لێ هومانیستەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەیان پرسیار و "مێتۆدە" هەبووەکانی زانستە سروشتییەکان بەهەند وەردەگرن و پاشان هەمان ئەم مێتۆدانە دەبن بە کێشەی سەروەری فەلسەفەی نوێسەردەم.



شێوازی هزرینی چەرخی نێڤین بریتییە لە سکۆلاییزم، واتا پێگەیاندنی فێرگەیی. لێ پێویستە سکۆلاییزم لە دوو واتادا دیاری بکەین: سکۆلاییزم لە واتایەکی تەسکدا هزرینی فەلسەفەیی-فێرگەییە کە هەتا ڕێنیسانس پەیڕەو دەکرێت. ئەو دەمە فێرگەکان لەنێو کڵێسەکاندا بوون و پاشان لە سەدەی سیازدەیەمدا گوێزرانەوە بۆ نێو زانستگەکان. لێ سکۆلاییزم لە واتایەکی فراواندا شێوازی هزرینی ئەم چەرخە بەگشتی دەگرێتەوە.

بێگومان گەرچی سکۆلاییزم بەنێو سێ قۆناغی سەرەتا و باڵا و درەنگدا ڕەت دەبێت، سەرەڕای ئەوە وەک سەرجەم مۆرکێکی سەرەکیی هەیە: سکۆلاییزم بەندە بە تیۆلۆژی و سەروەریی کلێسە و بیبلەوە؛ زەمینەکەی بریتییە لەو تێڕوانینە بنەماییە کە وای دادەنێت هەقیقەتی ئیمان پێشتر لە لایەن تیۆلۆژییەوە پێناسە کراوە. پاشان مرۆ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە کە شایانی گرنگیپێدانن، پرس بە سێ دەسەڵاتەکەی بیبل و باوکانی کلێسە و ئەڕیستۆتێلیس دەکات، لێرەشدا ڕەچاوی وەڵام و پاساوەکانی ئەمان دەکات. مرۆڤ لە چەرخی نێڤیندا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بەبێ ئەم سێ دەسەڵاتە ڕاستی بدۆزێتەوە.

لە سەردەمی سکۆلاییزمی سەرەتادا (کە لە سەدەی نۆیەم هەتا سەدەی دوازدەیەم دەخایەنێت) دوو کێشەی کرۆکی زیت دەبنەوە: کێشەی دیالێکتیک و یونیڤێرساڵەکان (تێگەکان یان گشتێتییەکان). مرۆ لە پرسی دیالێکتیکدا هەوڵ دەدات ئەو کێشەیە ساغ بکاتەوە کە داخۆ ئاوەز (ڕاسیۆ) یان کڵێسە بڕیاری ڕاستی بدات. لێرەوە ناکۆکییەکی قووڵ دێتە ئاراوە کە بە "ناکۆکیی یونیڤێرساڵەکان" ناسراوە.

دەرچەی ناکۆکیی یونیڤێرساڵەکان بریتییە لە فەلسەفەی پلاتۆن، کە بوونێکی ڕەها بە ئیدێ دەدات، واتا بەو بوونەوەرە ئەزەلییانە کە تەنیا بە نووس (واتا بە ئاوەزی پەتی) شیاوی لێڕوانین و بەمەش ناسینن، بۆ نموونە یونیڤێرساڵەکانی مرۆڤ، ئەسپ، ڕووەک، کە کرۆکین بە خودی زیندەوەرە ناوبراوەکان. ئەم هەڵوێستە هزرییە ناو دەنرێت "ڕیالیزم"، چونکە ئیدێکان بە ڕیال، واتا بە هەبوو، دادەنێت. بۆ نموونە بەگوێرەی بوونەوەرێکی تایبەت کە مرۆڤە، ناو لە زیندەوەرێکی دووپێی ئاوەزمەندی پەیڤەر دەنرێت. بە واتایەکی دی، تێگەکانی هزر بۆ ڕیالیستەکان بریتین لە کرۆکی هۆشەکی. ئەوان هەبوونی ئەو تێگانە پێش هەبوونی شتە تاکە ماتەرییەکان دادەنێن. لەم ڕوانگەیەوە یونیڤێرساڵەکان سەربەخۆ لە ئاگایی مرۆڤ هەن و دەشێت وەک بناغەی بڕیاردانی (حوکمی) لۆگیکی دابنرێن، بۆ نموونە بکەری "مرۆڤ" و هەڵگیراوی "ئاوەزمەند" بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندیی "ە" پێکەوە گرێ بدرێن و وەک سەرەنجام ئەم بڕیارە دەکەوێتەوە: "مرۆڤ ئاوەزمەندە". هەڵوێستە دژبەرەکەی ئەم شێوازە هزرینە بریتییە لە نۆمینالیزم (ناوگەرایی) کە سەرجەم تێگە گشتییەکان بە "ئەبستراکسیۆن" (تجریدکردن) و هێما دادەنێت. لەم ڕوانگەیەوە تێگەکانی مرۆڤ و ئەسپ و مێز هەبووی ڕیال نین و سەربەخۆ لە مرۆڤ هەبن، بەڵکو تەنیا دروستکراوی مرۆڤن و مرۆڤان لەسەر بنەمای ڕێککەوتن (ئیتیفاق) بەکاریان دەهێنن. لەم ڕوانگەیەوە مرۆ لە هەر بابەتێکی مەبەستلێبوو ئەدگارە تایبەتییەکانی دادەماڵێت تا بە تێگەیەکی گشتی دەگات: لە هەر چوارپێیەک مۆرکە تایبەتییەکانی وەک گوێی تایبەت، قەوارە و موو و هتد دادەماڵێت تا دەگات بە تێگەی ئاژەڵەکە. بۆ نموونە رۆسێلین (1050-1125) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوگەرایی، هەبوون (ئەکزیستێنس) تەنیا بەو بابەتانە دەدات کە مرۆڤ بە ئۆرگانە سێنسییەکانی خۆی دەرکیان دەکات، واتا دەیان بینێت، دەیان بیستێت یان بۆنیان دەکات و هتد. کەواتە کاتێک ڕیالیستەکان هەبوونی ڕاستەقینە بە تێگەکانی هۆش دەدەن، ئەوا ڕۆسێلین ئەو تێگانە بە هێما دادەنێت و ناویان دەنێت "هەواهەناسەی بە دەنگ دروستکراو". لێ لەم تێڕوانینەی ڕۆسێلینەوە دەرەنجامێکی پڕمەترسی دەکەوێتەوە: ئەگەر تێگەکان تەنیا هێما بن، ئەوا

ترینێتی (واتا سێیەکێتیی خوداباوک، کوڕ و گیانی پیرۆز) هیچی دیکە نین جگە لە تێگەیەکی ئەبستراکت کە لە سێ توخم پێکهاتووە، ئەمەش تێڕوانینێکی بێئیمانانەیە، بۆیە ڕۆسێلین ساڵی 1092 ناچار بوو بیکشێنێتەوە.

لە ڕەوتی ئەم ناکۆکییەی یونیڤێرساڵەکاندا هێدی هێدی ڕیالیزمێک خۆی دەسەپێنێت کە تێگەکان بە هەبووی ڕیال دادەنێت و دەبێژێت، گۆیا تێگەکان ئیدێی خودان و شتە ماتەریەکانیش بەگوێرەی ئەو تێگانە دروست کراون. لێ بەم گۆڕانە نوێیە ناکۆکیی یونیڤێرساڵەکان دانامرکێتەوە. لە سەردەمی سکۆلاییزمی باڵادا کە دەکەوێتە نێوان سەدەی سیازدەیەم و سەرەتای سەدەی چواردەیەمەوە، زانستگەی نوێ دادەمەزرێنرێن، هەر لەم سەردەمەشدا نووسینە زانستی-سروشتییەکانی ئەرپستۆتێلیس، هەروەها بەرهەمی زانایانی جولەکە و موسڵمان، دەناسرێن. ئێستا زانایانی کریستیانی هەوڵ دەدەن ئەو مەئریفانە کە لەنێو ئەو بەرهەمانەدا هەبوون، بە دۆگمی کلێسە بگونجێنن.

تیۆلۆژ و فەیلەسوفی ئیتالی تۆماسی ئەکوینی (1274-1225) یەکێکە لەو فەیلەسوفانە کە لە پێناوی ئیماندا هەوڵێکی بەو چەشنە دەدات، ئەوەش بە تێکهەڵکێشکردنی فەلسەفەی پلاتۆن و ئەرپستۆتێلیس. بە واتایەکی ڕوونتر ببێژین: تۆماس هاوشێوەی ئەرپستۆتێلیس شتە تاکە نێوجیهانییەکانی شیاوی دەرککردن وەک زەروری بۆ هزرین دادەنێت، لێ هاوکات هەندێک تێڕوانینی پلاتۆن لە تیۆریی ئیدێکانییەوە وەردەگرێت، بەمەش باوەڕ دەکات کۆتایی بە ناکۆکیی یونیڤێرسالەکان بهێنێت.

بە دیدی تۆماسی ئەکوینی جیهان تەنیا ریالیزەبوونی (تەحقیقبوونی) بەردەوامی ئاوەزی خودایە. خودا تەنیا بەڕێی خودی خۆیەوە زانینی هەیە، بۆیە خودا بریتییە لە کردەکێتیی پەتی (actus purus)، واتە خودا شیمانەیی نییە و بەمەش بەڕێوە بێت بۆ بوون بە شتێکی جارێ نەبوو. خودا وەک کردەکێتیی پەتی لە ئەزەلەوە فۆرمی سەرجەم شتە سروشتییەکانی هزراندووە، پاشان لە ڕەوتی ئەفراندنی جیهاندا ئەو فۆرمەی لەنێو ماتەریدا ئاوەڵا کردووە — هاوشێوەی دارتاشێک کە سەرەتا فۆرمی مێزێکی لەنێو هۆشدایە و پاشان فۆرمەکە بە کەرەسەی تەختە ڕیالیزە دەکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە هەموو بوونەوەرێک دوو فاکتەری هەیە کە بریتین لە ماتەری (کەرەسە) و فۆرم، لێ هەردووکیان لە پەیوەندییەکی نێویەکیدان. فۆرم دیاریکەری ماتەرییە، بەمەش هەقیقەتی پێدەدات. جگە لەوە هەموو بوونەوەرێک (چۆلەکە، گوڵەباخ و هتد) بە تاکە نموونەی یەکجار زۆر هەیە، لێ هەر تاکە نموونەیەک فۆرمی ناخەکیی هەیە و فۆرمەکەش وەک چۆنێتی بەنێو ماتەریی نموونەکەدا ئاوەڵا بووە. بۆیە ماتەری کە هەمیشە چەندێتییانە دیاریکراوە، بنەمای بوونی هەر تاکێکە و لە هەر تاکێکی دی جیای دەکاتەوە. بەم پێیە گشتێتی (فۆرم) لەنێو تاکدایە، تاکیش لە بوونی خۆیدا بەڕێی کرۆکییەوە گرێدراوە بە تاکانی جۆرەکەی خۆیەوە. هەر گوڵەباخێک فۆرمی بە خۆ تایبەتی هەیە، لێ وەک گوڵەباخ سەر بە جۆرەکەی خۆیەتی کە جۆری گوڵەباخە و جیاوازە لە جۆری گوڵەهێرۆ یان دالیا و هتد.

لەم ڕوانگەیەوە تۆماسی ئەکوینی ڕایدەگەیەنێت: گەر ئیمان دژبێژیی ئاوەز بکات، ئەوسا سەرپێچیی ئەو جیهانە دەکات کە ئاوەزی خودا ئەفراندوویەتی. جگە لەوە تۆماس پێشتری دەدات بە ئاوەزی خودا و ویست ی خودا لەژێر ڕکێفی ئاوەزی ئەودا دادەنێت، لەبەر ئەم هۆیە ناشێت خودا شتێکی بوێت کە دژبەری ئاوەز بێت. جگە لەوە گەر جیهان تەنیا ڕیالیزەبوونی بەردەوامی ئاوەزی خودا بێت، ئەوا دەبێت جیهان خاوەنی بەها بێت و ئاوەزی مرۆڤیش بتوانێت لە جیهانی ئافرێنراوەوە بە خودا بگات. لێ چۆن ئاوەز لای خودا پێشتریی لە ویست هەیە، بە هەمان شێوە لای مرۆڤیش پێشتریی لە ویست هەیە، چونکە مرۆڤ بەڕێی زەینییەوە لە خودا دەچێت. ئاشکرایە مرۆڤ لە جیهانی ئافرێنراوی خودادا دەرککردنی سێنسیی (مەحسوسی) هەیە کە هەردەم دەرککردنی شتی تاکە، لێ مرۆڤ دەتوانێت زەینی چالاکی خۆی بەکاربەرێت تاکو لە دەرککردنەکانییەوە ئیدێی یونیڤێرساڵ یان مەئریفەی بەگشتی چواندوو تەجرید بکات. مرۆڤ بەو ڕێیەوە بۆی دەلوێت کرۆکی شتەکان و پاشان ئەدگارە بەرێکەوتەکانیان بناسێت.

بەم شێوەیە تۆماسی ئەکوینی جیاوازی لە نێوان سێ جۆر یونیڤێرساڵدا دەکات: یەکەم، ئەو یونیڤێرساڵانە کە لەنێو ئاوەزی خودایەتیدا دێنە ئاراوە و لە پێش شتە تاکەکانەوە هەن، بۆ نموونە بوونەوەرەکانی وەک مرۆڤ، ئەسپ، گوڵەبەڕۆژە و هتد؛ دووەم، ئەو یونیڤێرساڵانە کە وەک گشتێتی لەنێو شتە تاکەکاندا هەن و هەر کۆمەڵەیەکی تایبەتییان بەند دەکەن بە جۆرێکی تایبەتەوە؛ سێیەم، ئەو یونیڤێرساڵانە کە لەنێو زەینی مرۆڤدا، واتا پاش شتە تاکەکان، هەن.

لێ دەنس سکۆتوس (1266-1308) کە تیۆلۆژ و فەیلەسوفێکی سکۆتلەندییە، بە پێچەوانەی تۆماسی ئەکوینی، هزر دەخاتە ژێر رکێفی ویستەوە. سکۆتوس بەم هەڵوێستە دەیەوێت هاتنەئارای زانینی مرۆڤ لە سەروەرێکی گەردوونی ڕزگار بکات. سکۆتوس لە لایەک لەتەک ڕیالیزمە میانەڕەوەکەی تۆماسی ئەکوینیدا یەکدەگرێتەوە، لێ لە لایەکی دی پێشتریی بە ویستی مرۆڤ دەدات. لە بنەڕەتدا بەم پێشتریدانەی ویستەوە بەرزنرخاندنی ئازادی لکاوە. ویست لە ڕوانگەی سکۆتوس لەژێر ڕکێفی هیچ ڕێنومایەکدا نییە، بەڵکو تەواو ئازادە.

لە سەردەمی سکۆلاییزمی درەنگدا کە دەکەوێتە نێوان کۆتایی سەدەی چواردەیەم و سەدەی پازدەیەمەوە، کاریگەریی زانست پەرەدەسێنێت. ئێستا بەرەی ناکۆکییەکان لە نێوان هەردوو ڕێبازەکەی تۆماسی ئەکوینی و دەن سکۆتوسدا بەش دەبن. ڕۆجەر بەیکن (1214-1292) کە فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، بە زەحمەت دەتوانین لەنێو سکۆلایزم یان ڕێنیسانسدا دایبنێین، لێ پێکانی بەزۆریی لەنێو ئاڕاستەی دووەمدان. ئەم بە ئاشکرا ڕووی دەمی دەکاتە مرۆڤ و پێی دەبێژێت: "واز لەو خەڵکە بێنە با هەر قسەی خۆیان بکەن. برۆ ڕێگەی خۆت بگرە بەر". بەیکن داوا دەکات کە پێویستە زانست لە تیۆلۆژی جیا بکرێتەوە و بە شێوەیەکی ئەمپیری، واتا پێکەوە لەتەک ئێکسپێریمێنت (تەجروبەی زانستی) و ماتماتیکدا، بەگەڕ بخرێت. گەر تەجروبە زانینێک نەڕاستێنێت، ئەو زانینە بێبەهایە. بەیکن نووسراوی قەبەی سکۆلاییستەکان وەک بێسوود دادەنێت. ئەم بە پێویستی دەزانێت کە

ئەزموون و پێوان و بەڵگەی ئاوەز بخرێنە جێی سەروەریی کلێسە و دۆگمەکانی، یان تەنانەت بە پێویستی دەزانێت کە ماتماتیک و فیزیک بخرێنە جێی تیۆلۆژی. لێ کاتێک بەیکن لە بواری زانستە سروشتییەکاندا داوای گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان دەکات، ئەوا لە زانستە هۆشەکی (مرۆڤایەتی) و زمانەوانییەکاندا داوای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و دیراسەی خودی ئەو زمانانە دەکات، ئەمەش تێڕوانینێکە کە پاشان لە هومانیزمدا بە تەواوی بەدیدەهێنرێت. بە دیدی بەیکن سکۆلایستەکان شارەزاییان لە زمانە بیانییەکاندا نییە. بۆ نموونە، وەک ئەو دەبێژێت، تۆماسی ئەکوینی کتێبی قەبە لەبارەی ئەرِیستۆتێلیس دەنووسێت بەبێ ئەوەی گریکی بزانێت و بەمەش بتوانێت نووسینەکانی ئەو بە زمانی خۆی بخوێنێتەوە. بۆیە بەیکن خۆی تەنانەت دوو کتێب لەسەر ڕێزمانی حیبری و گریکی دەنووسێت.

لە لایەکی دیکەوە ویلیەم ئۆکهام (1285-1347) کە تیۆلۆژ و فەیلەسوفێکی ئینگلیزی و نوێنەرێکی ناوگەراییە، لایەنی ئەو هەوڵانە دەگرێت کە دەدرێن بۆ جیاکردنەوەی هزری زانستی لە بنەما تیۆلۆژییەکان. بە دیدی ئۆکهام زانینی هۆشەکیی مرۆڤ تەنیا لە ئەزموونە سێنسیەکانی مرۆڤ خۆیەوە سەرهەڵدەدات. مرۆڤ بۆ گەیشتن بە زانین ئەوەندەی پێویستە کە ڕوانینی خۆی لە شتەکانی جیهانی دەرەوە بەهەند وەربگرێت، یان گرنگی بە تێڕوانینە پەرچێنراوەکانی خۆی بدات. لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی زانینی شتە ڕیالەکان لەنێو ڕوانینی سێنسیانەی خودی مرۆڤدایە. مرۆڤ لێرەوە بەڕێی ئەبستراکتکردنەوە (تەجریکردنەوە) تێگەی گشتی و ڕستەکان دەهێنێتە ئاراوە، لێرەشەوە بەو توخمانە دەگات کە زانست بۆ کارکردنەکەی خۆی پێویستی پێیانە. کەواتە "کرۆک" (تێگە)، لە ڕوانگەی ئۆکهام، بۆ زانینی شتەکان پێویست نییە.

## 3

هومانیزم-ڕێنیسانس دەکەوێتە نێوان سەدەکانی 1400 و 1600. هومانیزم دەیەوێت مرۆڤێتیی بەرجەستە و زیندوو ئاوەڵا بکات، واتا مرۆڤ لەنێو نرخە خۆییە سروشتییەکەیدا وەردەگرێت و پێناسەی دەکات، ئەوەش هەڵوێستێکە کە پێچەوانەی تێڕوانینی سەروەری کلێسەیە. کەواتە بزووتنەوەی هزری لە غەیبیانییەتەوە وەردەچەرخێنرێت و ئاڕاستەی ئەمدنیا دەکرێت - دەکرێتەوە. ئەم بزاوتە سەرەتا لە بواری ئەدەب و هونەردا دەگەشێتەوە، پاشان بۆ نێو بوارەکانی دیکەی زانست و فەلسەفە تەشەنە دەکات.

سەدەی چواردەیەم بریتییە لە سەدەی نەخۆشی و جەنگ: جەنگی سەدساڵەی نێوان فەڕەنسا و ئینگلاند (1339-1453)، تەنینەوەی تاعون بە سەرجەم ئەوروپادا (لە 1347 بەدوواوە). هەروەها لە نێوان سەدەی چواردەیەم و شازدەیەمدا دەسەڵاتی گشتگیری پابەند بە پاپا و کایزەرێتی لە ئەڵمانیا تێکدەشکێت و ڕێکخراوی

کۆمەڵایەتیی فیۆدالی هێدی هێدی بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات. ئێستا دەوڵەتانی سەربەخۆ، کە لە هەر یەکێکیاندا گەلێک بە زمان و کولتوورێکی تایبەتییەوە دەژی، جێی ئەو ڕیکخراوە کۆمەڵایەتییە دەگرنەوە. دەوڵەتی فیۆدالّی دەبێت بە دەوڵەتی فەرمانبەران و دەسەڵاتێکی سەنترالی جێی سەروەرانی فیۆدال و ڤازالەکانیان (پیاوانی دەست و پێوەندیان) دەگرێتەوە. جگە لەوە لە سەردەمی هومانیزم-ڕێنیسانسدا بواری ئابووری هەڵچوونێکی نوێ بە خۆوە دەبینێت، هەروەها دۆزینەوەی نوێ لە شارەکانی ئیتالیادا کاریگەری لەسەر هاتنەگۆڕێی گۆڕانی نوێ دەنوێنێت. نوێکارییە تەکنیکییەکان، بۆ نموونە گۆڕانپێدانی کۆمپاس، دۆزینەوەی باروت، سەئاتی بەکرەیی و سەئاتی ئیسپرینگداری شیاوی قورمیشکردن، هەروەها تەشەنەی دەرهێنانی پتری کەرەسەی خاو لە زەوی، لە مۆرکە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمەن و پتر هانی مرۆڤان دەدەن کە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بە دەستکەوتی مەزنتر بگەن.

لێ گرنگترین گۆڕانی ڕێنیسانس بریتییە لە تێکشکانی گەردووندیدیی جیۆسەنتری کە لە گریکی کۆن و چەرخی نێڤیندا نوێنەرایەتی دەکرێت. بەبێ دیاریکردنی ئەم گۆڕانە هەرە کرۆکییە نە دەتوانین بەگونجاوی لە فەلسەفە و هونەری نوێسەردەم و مۆدێرن تێبگەین، نە دەتوانین لەو بەرهەمخستنەوە ڤۆناغدروستکەرانە تێبگەین کە لە بواری زانستە سروشتییەکان و تەکنۆلۆژیادا ئەنجام دران.

لە ڕێنیسانسدا گەردووندیدییە جیۆسەنترییەکەی ئەرپستۆتێلیس هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەویش بە ڕاگەیاندنی بێدوایەکێتیی فەزا (ڕاوم) و دابرینی لە شتەکانی نێوی. بۆیە پێش ئەوەی بچینە نێو ئەم گۆڕانە ڤۆناغچێکەرەی ڕێنیسانسەوە، گەرەکە ئاوڕێک لە گەردووندیدییەکەی پلاتۆن و ئەرپستۆتێلیس بدینەوە و بە کورتی دیارییان بکەین. لە بنەڕەتدا پلاتۆن لە دیالۆگی "تیمایۆس"دا یەکەم هەوڵی فەلسەفەیی دەدات بۆ ئەوەی تێگەی فەزا دیاری بکات. پلاتۆن لەوێدا دەبێژێت کە دوو تێگەکەی بوون و ئارایی (سەیرورە) بەس نین بۆ ڕاڤەی گەردوون، بەڵکو دەبێت ڕەگەزێکی سێیەم ڕوونبکرێتەوە کە ئارایی "لەخۆدەگرێت"، ئەویش فەزایە. کەواتە سەرجەم دۆخگۆڕییەکانی نێو جیهانی ئەزموون (ماتەری) لەنێو فەزادان. پاشان ئەرپستۆتێلیس ئەم ڕەگەزەی سێیەم کە پلاتۆن گریمانەی دەکات، وەردەگرێت و دەیکات بە دەرچەیەک بۆ هزرینەکانی خۆی لە پرسی بزووتن، واتە بەم ڕێیەوە ڕوو لە پرسی فەزا دەکات. ئەرپستۆتێلیس فەزا ناودەنێت کۆی سەرجەم ئەو جێیانە / شوێنانە کە شتەکان تێیاندان. لەم ڕوانگەیەوە جێ / شوێن بەشێکە لە فەزا، هەروەها سنووری جێ لەتەک جەستەی جێ-گردا / شوێن-گردا (شوێن-پڕکەرەوەدا) یەکدەگرێتەوە. جگە لەوە بزووتن هەمیشە سێ فاکتەری هەیە کە بریتین لە شوێن/جێ و بۆشایی و کات. لێ بزووتن لەنێو گەردوونێکی داخراودایە (دوایەکیدایە) و ئەرپستۆتێلیس دابەشی دەکات بەسەر دوو کایەی سەروو و ژێر مانگدا. کایەی ژێر مانگ کایەی چوار توخمەکەی ئەرد و ئاو، هەوا و ئاگرە، لێ کایەی سەرووی مانگ کایەی پلانێتەکانە کە لەسەر تەبەقە ئەزەلییەکان چەسپێنراون و کایەکەش بە ئاسمانی ئەو ئەستێرانە کۆتایی دێت، کە ئەو دەمە ناودەنران ئەستێرە سرەوتووەکان، چونکە ئەوها بۆ چاو دەردەکەوتن و وەک ڕێنومای گەشت دادەنران. ئەمیان بریتییە لە کایەی توخمێکی پێنجەم کە ئەرپستۆتێلیس

وەک نەگۆڕ و ئەزەلی دەیبینێت و ناوی دەنێت "ئەسیر". جگە لەوە ئەستێرە سرەوتووەکان و تەبەقی گۆئاسای ئاسمان بە خێرایی نەگۆڕی خولگەیی و نەبڕاوە بە دەوری گرێژنەی زەمیندا دەخولێنەوە. ئەمە کایەیەکی نەمرە بە پێچەوانەی کایەی ژێر مانگ کە تێیدا زەیندەوەرە بمرەکانی وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک هەن، یان تێیدا چوار توخمەکەی ئەرد و ئاو، هەوا و ئاگر بۆ نێو یەکدی دەگۆڕدرێن. لێ ئەرپستۆتێلیس لەپاڵ ئەم دوو کایە ناوبراوەی دۆخگۆڕی و دۆخنەگۆڕیدا بنەمایەکی دیکەی نەشیاوی دەرککردن وەردەگرێت کە هەمیشە لەتەک خۆیدا یەکە و پاڵنەری بزووتنە. ئەرێستۆتێلیس ئەم بنەمایەی سێیەم ناودەنێت بزوێنەری نەبزۆک و وەک فۆرمی پەتی دایدەنێت، واتا بە دیدی ئەو بەدەرە لە ماتەری و بە هیچ شێوەیەک لەنێو فەزادا نییە. ئەرپستۆتێلیس ئەم بنەمایە وەک نەبزۆک دادەنێت، چونکە گەر ئەوها نەبێت، ئەوسا شیمانەی دۆخگۆڕیی لە خۆدەگرێت، بەمەش نابێت بە بزوێنەری یەکەم، ئەوجا هۆکار-ئەنجام، هۆکار-ئەنجام هۆکاری ئەنجام تا بێدوایەکی دەخایەنێت، واتا بەبێ خودایەک ڕەوشێک لەگۆڕێ دەبێت، کە بەتایبەتی لە ڕووی مۆرالەوە بۆ ڕەفتاری نێوجیهانییانەی مرۆڤ پڕکێشە دەبێت.

گەردوونی چەرخی نێڤین بە هەمان شێوە دابەشێنراوە بەسەر کایەی ژێر و سەرووی مانگدا. یەکەمیان بریتییە لە "جیهانی تایبەت بە دۆخگۆڕی و بەسەرچوون"، دووەمیان بریتییە لە "جیهانی ئەبەدی". هەروەها لە چەرخی نێڤیندا هەموو شتێک خوداییە، مرۆڤیش لەژێر چاودێریی خودایەتیدا دەژی و کردار دەنوێنێت. چۆن ژیانی مرۆڤ لە خوداوە سەرەتا دەگرێت و لای خوا کۆتایی پێدێت، بە هەمان شێوە گەردوونیش داخراوە. مرۆ هەروەها ئەرپستۆتێلییانە پێشبینیی ڕاوم (فەزا) دەکات و وەک دوایەکی و بە جەستە پڕبۆوە دایدەنێت.

لە ڕێنسانسدا ئەم گەردووندیدیەی ئەرپستۆتێلیس هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەویش بەوە کە ئێستا فەزا وەک سەربەخۆ لە شتەکان دادەنرێت. وەک جۆردانۆ برونۆ دەبێژێت: فەزا هەر دەمێنێت، گەر تەنانەت سەرجەم شتەکانی نێوی لێدەربکێشرێن. کەواتە سەربەخۆیە، جگە لەوە فەزا نە گەوهەرە و نە ئەدگار، نە چالاکە و نە ناچالاک؛ فەزا دەچێتە نێو هەر شتێکەوە و بە هەموو جێیەکدا دەتەنێتەوە. کاتێک مرۆ لە ئەنتیکە و چەرخی نێڤیندا لە ئیدێی بێدوایەکێتی دەترسا، ئەوا ئێستا لە ڕێنیسانسدا خۆی بۆ ئاوەڵا دەکات و وەک پێشمەرجی گۆڕان دەیبینێت. جگە لەوە بێدوایەکێتیی گەردوون لەتەک دیارینەکراوییەکەیدا یەکدەگرێتەوە. ئاخر لەبەر ئەوەی گەردوون بگۆڕ و کۆنتینگێنتە (بەڕێکەوتە)، ئەوا ڕێ بە دیاریکردنی ڕەها نادات، ئەوجا لەبەر ئەوەی گەردوون ڕێ بە دیاریکردنی ڕەها نادات، ئەوا دەبێت بێدوایەکی بێت و زانستیانەش بە شێوازی بێدوایەکی بپێورێت.

لێ ئایا ڕاگەیاندنی بێدوایەکێتیی گەردوون لە ڕێنیسانسدا چە واتایەکی پوخت دەگەیەنێت و بۆچی قۆناغچێکەرە؟ بەو ڕاگەیاندنە پێشبینیی فەزای پانتایی (پانی و درێژی) هەڵدەوەشێنرێتەوە، واتا ئێستا فەزا وەک سێئاڕاستەیی دادەنرێت. کەواتە فەزا هەروەها لەپاڵ پانی و درێژیدا خاوەنی قووڵییە. ڕوونتر ببێژین، فەزا لە هەر سێ ئاڕاستەکەی پانی و درێژی و قوڵیدا ڕووەو بێدوایەکێتی دەڕوات. لێ ئەوە لە بنەڕەتدا ئاڕاستەی سێیەمە، واتا قووڵییە کە دوانەکەی دی لەتەک خۆیدا بۆ نێو بێدوایەکێتی دەبات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە: گەر مرۆڤ بە

درێژایی هەزار ساڵ بە جیهانبینییەکی داخراو خرابێتە نێو گەردوونێکی دوایەکیی داخراوەوە و لەژێر چاوی خودایەتیدا دانرابێت، هەروەها گەر گەردوون وەک بە جەستە پڕبۆوە پێشبینی کرا بێت و لێوەی گەردووناسییەک بۆ سەرجەم هزرین و ڕەفتار ئامادە کرا بێت، ئەوا ئایا چی بەسەر مرۆڤی ئەو نێوەندە کولتوورییەدا دێت، گەر گەردوونی داخراو و بە جەستە پڕ بۆوە نەمێنێت، بەڵکو تێڕوانینێکی نوێ لەبارەی گەردوونێکی بێدوایەکی و سەربەخۆ لە جەستەکانی نێوی سەرهەڵبدات؟ ئێمە دەتوانین ببێژین کە هزر و ڕەفتاری ئەو مرۆڤە دەشێوێن. هزری مرۆڤ دەشێوێت، چونکە بەرانبەر بێدوایەکێتیی فەزا بۆ دەرەوە، بێدوایەکێتیی هزرینی خۆیی دەوەستێتەوە، کە مرۆڤ دەبێت چارەسەری هزریی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە هزرین ڕۆچوونێکە بۆ نێو بێدوایەکێتی. بێگومان هەروەها ڕەفتاریشی دەشێوێت، چونکە دوای نەمانی چاوی چاودێریکەر و داڵدەدەری خودایەتی لە سەرەوە، دوای دەرکێشانی زەوییەکەی لە سەنتەری گەردوون و نەمانی هیچ سەنتەرێک، ڕەفتاریشی دووچاری شێوان دەبێت. لێرەوە گومان سەبارەت بە هەر شتێکی هەبوو دێتە ئاراوە، یان گەر مرۆڤ خەریکی زانست بێت، ئەوا ناچارە لەنێو خۆیدا "پنت"ێک دیاری بکات تاکو لەسەری بووەستێت و لەنێو خۆیەوە جیهان بنیات بنێتەوە. هەر لێرەشەوە ئیدێی پێشکەوتن (ئەلتەقەدوم) سەرهەڵدەدات و لە سەردەمانی درەنگتردا تەنانەت دەکرێت بە ئیدۆلۆژی. ئاخر گەر گەردوون بێدوایەکی بێت و زەمینیش چیدی سەنتەر نەبێت، ئەوا لەوە دەچێت کە مرۆڤ خۆی لەسەر ڕێگەیەکی نەبڕاوە ببینێتەوە: بەردەوام بەرەو پێش بڕوات.

زانای ئەڵمانی نیکۆلاوس کوزانوس (1401-1464) کە لە کلێسەدا پایەگای کاردینالی هەبوو، پێگەیەکی دیاری لەنێو فەیلەسوفانی هومانیزمدا هەیە. کوزانوس یەکەم زانایە کە ڕایدەگەیەنێت گەردوون بێدوایەکییە. بە دیدی ئەو زەمین لە نێوەندی گەردووندا نییە، چونکە فەزای بێدوایەکی بەدەرە لە هەر سەنتەرێک. ئەم تێڕوانینە لە سەدەی چواردەیەمدا وەک لوتکەی کوفر دادەنرا.

کوزانوس لە هزرینیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی فەلسەفاندنی پێشسۆکراتی و سۆکراتی، هەروەها ڕوو دەکاتە میستیکی سکۆلاییزمی سەرەتا. بە دیدی ئەو دانەوەی ماتماتیکییانەی بابەتەکانی ئەزموون هیچی دیکە نییە جگە لە سەرەنجامی ڕاڤەکردنەکانی خودی مرۆڤ. ئەوە مرۆڤە کە بە هزری خۆی خەریکی بەماتماتیکیکردنە، واتا ئەوە مرۆڤە کە هەقیقەت دروست دەکات، هەر بۆیە ئەم هەقیقەتە لە خودی ئەو جیانابێتەوە. کوزانوس دەربڕینە بەناوبانگەکەی پرۆتاگۆراسی سۆفیست جارێکی دی ڕادەگەیەنێتەوە، واتا هاوشێوەی ئەو دەبێژێت: مرۆڤ خۆی پێوەری سەرجەم شتەکانە، چونکە بە هۆشی خۆی سەرجەم شتەکان بۆ بوونی تێگەیی وەردەگۆڕێت.

فەیلەسوف جۆڤانی پیکۆ دێللا میراندۆلا (1463-1494)ی ئیتالی جەخت لە کەرامەتی مرۆڤ دەکات. کڵێسە لە کۆتایی چەرخی نێڤیندا بە تایبەتی بە واژەی "miseria" کرۆکی مرۆڤ و پێگەی ئەوی لە جیهاندا دیاری دەکرد: مرۆڤی داماو، داوەشا و خەباتار تەنیا بە خوداپەرستی و پابەندبوونی بە کڵێسەوە دەتوانێت خەڵاسی ئەبەدی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لێ پیکۆ بە توندی دژی ئەو تێڕوانینە دەوەستێتەوە و دەبێژێت: خودا جیهانی ئەفراندووە، لێ بەدووی ئەوەدا بە هیچ شێوەیەک دەست نانێتە نێو ڕەوت و ڕووداوەکانی جیهانەوە. ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە کە

شکۆفە بە کەرامەتی خۆی بدات. خودا تەنیا پێشمەرجەکانی داناوە و بەدووی ئەوەدا گەرەکە مرۆڤ بەرپرسیاری بۆ پێگەیاندنی کەرامەتی خۆی وەربگرێت، لێرەشدا گومانی تێدا نییە کە پێشخستنی پەروەردەی هۆشەکی دەبێت بە پاڵهێزێک بۆ ئەوەی مرۆڤ کەرامەتی خۆی بناسێت. جگە لەوە گەرەکە مرۆڤ تێبکۆشێت بۆ ئاوەڵاکردنی توانستە ناخەکییەکانی، تاکو لەنێو جیهاندا بەرێی ئەزموونی ژیانەوە فێری توانستی دیکە ببێت و سروشت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، نەک وەک ئاژەڵان بژی کە تەنیا ڕەمەکییانە کردار و پەرچەکردار دەنوێنن. مرۆڤ کە سەرجەمێکی داخراوە، گەرەکە بەرانبەر گەردوونی دەرەکی بووەستێتەوە و کرداری ئەفراندنی خودایی دووبارەبکاتەوە، ئەوجا بە بڕیاری (قەراری) ئازادانەی خۆی پێگەکەی لەنێو ئەو جیهانەدا دیاری بکات، بەڵێ گەرەکە خۆی بڕیار بدات کە داخۆ "چۆن" بۆ خۆی بژی؛ ئەو گەرەکە هاوشێوەی نیگارسازێک کە ئازادانە دەئافرێنێت، ئەو شێوەیە بە خۆی بدات کە خۆی دەیخوازێت. پیکۆ تەنانەت بە پێویستی دەزانێت کە کولتووری گریکی و ئایینی کریستیانی و ئایینی جوو یەکبخرێن، هەروەها 900 تێز دادەنێت و لە ڕۆما بۆ دێباتکردن دەیانخاتە بەردەست، لێ پاپا تێزەکانی یاساغ دەکات، تەنانەت پیکۆ خۆی دەکەوێتە بەردەم مەترسیی "ئینکڤیزیسیۆن"، لێ بنەماڵەی مێدیچی دەیپارێزت و دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت بەسەر پاریسدا بڕوات بۆ فلۆرێنسا.

جۆردانۆ برونۆ (1548-17.02.1600) خۆی لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی نیکۆلاوس کوزانوس و کێپلەردا دەبینێتەوە. ئەم زانایە گەردوون بە بێدوایەکی دادەنێت. بە دیدی ئەم خودا هاوکات مەزنترین و بچووکترینە، هاوکات شیمانە و کردەکێتییە (پۆتێنس و ئەکتوالێتییە)، واتا خودا توانستی تەحقیقبوونی تێدایە و توانستەکەی بەرێی کردەکێتییەوە (ئەکتەوە) تەحقیق دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە خودا لە دەرەوەی جیهان نییە، واتە خودا ڕەها / لێجیابۆوە (موتڵەق) نییە، بەڵکو لەنێو جیهانادایە. سروشت خودایانەیە و خۆی لە دۆخگۆڕییەکی ئەبەدیدا دەبینێتەوە، لێرەشدا خودا پرنسیپی دۆخگۆڕییە ئەبەدییەکەیە و تەنیا ناڕاستەوخۆ لە لایەن ئاوەزی مرۆڤەوە لەنێو سروشتدا دەناسرێت. هەر بۆیە ناشێت خودا "ببێت بە گۆشت". ئەم ئیدێ پانتاییستییەی جۆردانۆ برونۆ دەبێت بەهۆی ئەوە کە ئینکڤیزیسیۆن بیگرێت و دوای حەوت ساڵ دیلی بە زیندوویی بیسووتێنێت.

لە ڕێنیسانسدا هەروەها فەلسەفەی سیاسی سەرهەڵدەدات. نیکۆلۆ ماکیاڤێلی (1494-1512) یەکێکە لە ڕێبەرە کرۆکییەکانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە. ماکیاڤێلی بە توندی دژی مۆدێلی کریستیانیی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە و بنەما مۆرالی-ئاینییەکان لە کرداری سیاسی وەدەردەنێت. بە دیدی ئەم مێژوو ڕاستەوانە نییە و بە ئاڕاستەی ئامانجێک بڕوات، بۆ نموونە بە ڕۆژێکی قیامەت کۆتایی پێ بێت، بەڵکو مێژوو بازنەییە و بە هەڵچوون و داچوونی بەردەوام دەسووڕێتەوە. هەروەها مرۆڤ بوونەوەرێکی منگەرایە و تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە گەرەکە دەسەڵاتدار کردار بنوێنێت، واتا نابێت ئەنجامدانی دەسەڵاتی سیاسی مۆرالیانە بنرخێنرێت، بەڵکو ڕوانگەی سوودمەندی سەنگی مەحەکە. ئامانجی سیاسەت هێشتنەوەی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی سەروەرییە، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو دەسوێژێک ڕەوایە. بێگومان ماکیاڤێلی داوای دەسەڵاتی

بێجڵەو ناکات کە بە یاریدەی مرۆڤکوژان و لومپۆن و بەڵتەجییان مسۆگەر بکرێت. دەسەڵاتدار گەرەکە خۆی هەردەم بە دۆخە هەڵکەوتووەکان بگونجێنێت و تەنیا دەسوێژە زەرووریيەکان بەکاربهینێت، هاوکات لە پێناوی ئاژوتنی دەسەڵاتدا هەردەم دەتوانێت بنەما ئایینیەکان پشتگوێ بخات. ماکیاڤێلی بۆ "کۆمار" سێ مەبەستی دەوڵەت دیاری دەکات کە بریتین لە ئازادیی هاووڵاتیان، مەزنی و رەفاهییەتی گشتی.

لێ تۆماس مۆروس (1478-1535)، کە سیاسەتمەدار و هومانیست بوو، بە پێچەوانەی ماکیاڤێلی، لە نووسینی "یوتۆپی"دا گۆڕان بە دامەزراوەیەکی دەوڵەت دەدات کە بەدەرە لە خاوەنداریی تایبەتی. لەو دەوڵەتەدا هەروەها پەروەردەی فێرکاری بۆ هەمووان فەراهەم کراوە و ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی سەروەرە.

ئەم تێروانینە نوێیانە سەراپا شۆڕشێک بوون و لە سەرەنجامدا هیچ شتێک لە زانیننومای سکۆلایستەکان ناهێڵرێتەوە، واتا زانیننومای تەبەقەکانی زەمین و ئاسمان، دوایەکێتیی شێوەی تەبەقییانەی جەستەکانی ئاسمان، ئەوجا خاوێنیی ڕەهای خۆر. گەردوون بۆ نموونە لای گالیلۆ گالیلێ بێدوایەکی و ئەزەلییە، نە سەرەتا و نە کۆتایی هەیە. هیچ شتێکی نێو سروشت بە شێوەیەکی ڕەها (ئەبسولوت) لەناوناچێت و نەشیاوە لە "هیچ" (العدم) ـەوە شت دروست ببێت، بەڵکو لەنێو ئەم ڕێکخراوەی گەردوون و کەرتەکانیدا تەنیا گۆڕانکاری ڕوودەدات. گەر سەرجەمییانە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە کرۆکی سەرجەم هەوڵەکانی ڕینیسانس لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤدان لە دەسەلاتی ئایینی و دەگمەکانی، ئەوجا کردنی مرۆڤ بە بەرپرسیار لە ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی.

4

هومانیزم و ڕێنیسانس بەزۆری بزووتنەوەی تاکگەراییین لەنێو توێژی هزرمەندی شارنشینانەدا. لێ ئەم تاکگەراییە لە ڕێفۆرماسیۆندا (نوێکردنەوەدا) شێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان وەردەگرێت و لە سەرەنجامدا یەکێتییە ئایینییەکەی ئەوروپا تێکدەشکێت. کاتێک مرۆڤ لە چەرخی نێڤیندا وەک کەرتێکی سەرجەم دادەنرا و ناچار بوو لەسەر ڕێنوماکانی کلێسە بەڕێوە بڕوات، ئەوا ئێستا لە ڕێفۆرماسیۆندا هەوڵ دەدرێت کرداری سەربەخۆی تاکەکەس بکرێت بە ڕێگەی خەڵاس و ئاشتبوونەوە لەتەک خودادا.

لە سەردەمانی بالادەستیی سکۆلاییزمدا کلێسە هێدی هێدی وشکهەڵدێت، لەبەر ئەم هۆیەش دانوستانێک سەبارەت بە ڕێفۆرمکردنی کلێسە لەژێر دروشمی "گەڕانەوە بۆ نووسراوی پیرۆز"دا دێتەگۆڕێ، کە پاشان دەبێت بە پاڵهێزی ڕێفۆرماسیۆن. سەرەنجام بە کارەکانی مارتین لوتەر (1483-1546)، ئولریش تسڤینگلی (1484-1531)، فیلیپ مێلاکتۆن (1497-1560)، هەروەها یۆهانس کالڤین (1509-1564)، کلێسەی کاتۆلیکی دابەش دەبێت و لێوەی پرۆتێستانتیزم خۆی جیادەکاتەوە.

یەکەم پاڵهێز بۆ هاتنەئارای ڕیفۆرماسیۆن بریتی بوو لە دژایەتیکردنی پسوڵەی لێبوردن کە کڵێسەی کاتۆلیکی بازرگانیی پێوە دەکرد. کریستیانییەکان ئەو دەمە دەیانتوانی بە کڕینی پسوڵەیەک ببن بە خاوەن پشک لە "سامانی کلێسە"دا. دەسەڵاتدارانی کلێسە ئەو تێروانینە بڵاودەکەنەوە، کە گۆیا قدیسەکان خزمەتی لەبڕەرچوویان لە بەردەم خودادا هەیە و دەشێت ئەو خزمەتە زیادانە بۆ خەڵاسی کەسانی دیکەش بەکاربهێنرێن. کڵێسە وای بڵاودەکاتەوە کە گۆیا ئەم جۆرە بازرگانییە لە بنەڕەتدا فرۆشتنی خوداپەرستیی قدیسەکانە بە ئیمانداران.

مارتین لوتەر زۆرینەی ئیدێکانی ڕیفۆرماسیۆن دەردەبڕێت. لوتەر کە قەشە و پرۆفیسۆری تیۆلۆژی بوو، 95 تێز لە 31.10.1517 لەمەڕ کڵێسە و ئیمان بڵاودەکاتەوە و تێیاندا هەڵوێستی خۆی لەدژی زۆر بنەمای کڵێسەی کاتۆلیکی ڕادەگەیەنێت. بۆ نموونە کڵێسەی کاتۆلیکی دەیگۆت: خودا لە چارەی مرۆڤی نووسیوە کە چی بەسەر ئەودا بێت. لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ ناتوانێت ڕەوتی ژیانی خۆی دیاری بکات. لوتەر بە پێچەوانەوە ڕایدەگەیەنێت، کە مرۆڤ گەرەکە بەرپرسیاریی بۆ ژیانی خۆی وەربگرێت، بۆ نموونە لەو ڕووەوە کە داخۆ ڕەفتاری ئەو چە سەرەنجامێکی بۆ ژیانی ئەو لە ئایندەدا هەبێت. لوتەر هەروەها داوا دەکات کە مرۆڤ گەرەکە بەرپرسیاری بۆ مرۆڤانی دی وەربگرێت. جگە لەوە لوتەر دژی ترساندنی ئیمانداران بە ئاگری دۆزەخ دەوەستێتەوە، هەروەها بەتوندی لەدژی کڵێسەی کاتۆلیکی دەبێژێت، کە پسوڵەی لێبوردن بازرگانییەکی قازانجهێنە بۆ کڵێسە، لێ بۆ ئیمانداران هیچ سوودێکی نییە. هەموو کریستێک دەبێت خۆی لە ناخەوە ئیماندار بێت. کڵێسە ناتوانێت ببێت بە نێوەندیاری ئیمانی ئەو. تەنیا بەزەیی خودا مایەی خەڵاسی مرۆڤە، خودایەکی میهرەبانیش پێویستی بە نێوەندیار نییە. بەمە لوتەر تەنانەت توێژی قەشەکانی خستە ژێر پرسیارەوە.

داواکارییەکی دیکەی لوتەر ئەوە بوو کە پێویستە مرۆڤ بتوانێت بیبل بخوێنێتەوە. لێ ئەو دەمە زۆرینەی چاپەکانی بیبل بە زمانی لاتینی بوون، تەنانەت زمانی قەشەکان لە وتاردان و خوداپەرستی و نوێژکردندا لاتینی بوو. بۆیە لوتەر بیبلی بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا تاکو ئیمانداران لێی تێبگەن.

گەرچی سەرەتا ڕیفۆرم ئاراستەی دۆخە بەدەکانی کڵێسە دەکرێت، لێ هێندە ناخایەنێت کە دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی جموجووڵی کۆمەڵایەتی. ڕیفۆرم بۆ نموونە لە ئەڵمانیا بە ڕاپەڕینی کشتیاران (1525) دەگاتە لوتکە. دانیشتوانی کشتیاران کە وەک کارکەری هەرەوەز و سەپان دەچەوسانەوە، لە بزاوتەکەی لوتەردا هەل دەبینن بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە ستەمی موڵکدارەکان. لوتەر دژی زەبر و ڕاپەڕینی خوێناوی بوو، سەرەڕای ئەوە لە هەڵوێستیدا لایەنی جوتیاران دەگرێت، هاوکات داوا لە موڵکدارەکان دەکات کە وەک کریست بەرپرسیاری وەربگرن و چیدی جوتیاران نەچەوسێننەوە. لێ بەگزادەکان ئامادە نابن واز لە ئیمتیازەکانیان بهێنن.

لوتەر بە ئاشکرا میانەی دووری خۆی لە فەلسەفە و زانستی سروشتیی نوێ دەردەخات، سەرەڕای ئەوە ڕیفۆرماسیۆن ڕۆڵیکی کرۆکی بۆ داوەشانی کلێسە دەگێڕێ. سەرەنجامێکی ئەم داوەشانە بریتییە لە بەجیهانیبوونی فێرگە و زانکۆکان.

5

چۆن زەحمەتە کاتێکی دیاریکراو بۆ بزاوتەکانی هومانیزم و ڕێنیسانس دیاری بکرێت، ئەوهایش زەحمەتە کاتی سەرهەڵدانی نوێسەردەمی ئەورووپی دیاری بکەین. بزاوتە هزرییەکان لە کۆتایی چەرخی نێڤینەوە هێندە درێژخایەن و هەمەلایەنین، هاوکات هێندە تەسک بە دەوری کێشەی مرۆڤدا دەسوڕێنەوە، کە ئیدی نزیکەی نەشیاوە بتوانین دەسپێکێکی پوخت دیاری بکەین. لێ گومانی تێدا نییە کە دێکارت باوکی ڕاستەقینەی نوێسەردەمی ئەورووپییە، چونکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک ئەوە ریالیزە دەکات کە خۆزگەی قووڵی ئەو سەردەمەیە: بوونی مرۆڤ بە سەبژێکتی (بکەری) زانست، ئەمەش بۆ مەبەستی نواندنی دەسەڵات بەسەر جیهان یان سروشتدا.

کاتێک ئێمە لە سەردەمێکی نوێ دەدوێین، ئەوا بە مۆرکەکانی لە سەردەمی پێش خۆی جیای دەکەینەوە. بێگومان نوێ هەمیشە لە نێو هەناوی هەبوویەکەوە سەرهەڵدەدات و ئەم هەبووە بە سەرهەڵدانی ئەو نوێیە کۆن دەبێت بەبێ ئەوەی وەک دابێکی کۆن لەناوبچێت، بە پێچەوانەوە، لەنێو ئەو کۆنەوە چەندین هەڵوێستی جیاواز بۆ خۆهێشتنەوە سەرهەڵدەدەن: هەر لە پەرچەکردارەوە هەتا بەشداریکردن لە دانوستاندنی دەستکەوتە نوێکاندا.

کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئیدی زانا قەدیمییەکان لە نوێسەردەمدا جانتاکانیان هەڵبگرن وماڵئاوایی لێ بکەن، نەخێر، ئەوان درێژە بە کارەکانی خۆیان دەدەن. ئەوان هێشتا هەر لەنێو شێوەی هزرینی سوننەتیدا خەملیون و زیرەکانە پەرە بە زانستە باوەکان دەدەن، جا گەرچی پرسیار و دەستکەوتە نوێکان ترساندوویانن. لەم پەیوەندییەدا گرنگترین پرسیار لە نوێسەردەمی ئەوروپیدا پرسیاری مێتۆدە. ئێمە لێرەدا خۆمان لە بەردەم پرسیاری دەرچەی (مەبدەئی) هزریندا دەبینینەوە، کە دوای هەڵوەشاندنەوەی تێڕوانینی زەمین وەک سەنتەری گەردوون و دوای بزربوونی چاوی خودایەتی لە ڕێنیسانسدا سەرهەڵدەدات. ئاخر لەبەر ئەوەی چیدی ناشێت خودا و بیبل دەرچە بن، ئەوا مرۆڤ ناچارە پنتێک (نوقتەیەک) لەنێو خۆیدا دابین بکات و لەسەری بووەستێت، ئەوجا لێوەی گەردوونی تێکشکاو لەنێو خۆیدا بینابکاتەوە. بەم شێوەیە چیدی چواندن بە دەربڕینە بنەماییەکەی ئەنزێلم نادرێت کە دەبێژێت: "من ئیمانم هەیە، کەواتە من دەزانم"، واتا چیدی ئیمان بنەما نییە و لەسەری هزرین بەربخرێت، بەڵکو مرۆڤ وەک سەبژێکت دەکرێت بە بنەما.

مێتۆد واتا ڕێگەبڕینی هزری لە سفرەوە. مرۆڤ گەرەکە خۆی بە ڕێی مێتۆوەوە بکات بە سەبژێکتی (بکەری) زانست یان فەلسەفە، واتا لەنێو خۆیەوە مێتۆدییانە زانست بنیاتبنێت، نەک ئاقڵانە کتێبە ئەستوورەکان بخوێنێتەوە و پەرە بە تێڕوانینەکانی نێوایان بدات، ئەوجا شانازانە خۆی لە ڕیزی زانایاندا زیتبکاتەوە. بەم شێوەیە ئێستا بەرانبەر مرۆڤ وەک بکەری جیهان ئۆبژێکت (دانراو) دەبێت بە کێشە، ئۆبژێکتیش بە واتای لەپێشخۆدانان و بەرخستن. ئێستا گەرەکە بکەری هزرڤان خۆی بخاتە ژێر باری دروستکردن، بە واتایەکی دی، گەرەکە ئۆبژێکتەکەی خۆی دابنێت و وەک ئەم دانراوە مێتۆدیانە بنیاتی بنێت.

کاتێک مرۆڤ وەک سەبژێکت لە نوێسەردەمی ئەورووپیدا دەبێت بە پنتی نێوەندی گەردوون، ئەوا هاوکات داواکارییەکی کرۆکی بەرز دەکاتەوە: خودا لەم جیهانەدا جێی نابێتەوە. خودا بۆی نییە سنوور بۆ مرۆڤ دابنێت. خودا سەر بە ئەوجیهانە و لە ئەمجیهان جێی نابێتەوە. ئەو گەردوونی هاوشێوەی سەئاتێک قورمیش کردووە و ئەوجا وازی لێ هێناوە، گەردوونیش بۆ خۆی هەتا ئەبەد دەبزوێت. مرۆڤ هەروەها دەبێژێت: مرۆڤ سەروەری سەرزەمینە، ئەو گەرەکە هەموو شتێک سەرلەنوێ ڕوونبکاتەوە و گۆڕان بە زانستی نوێ بدات، لێرەشدا مێتۆد دەبێت بە تاکە کلیلی ئەو بۆ گەیشتن بە زانستی نوێ. بێگومان ئێستا زانستی نوێ تەواو جیاوازە لە زانستی کۆنی ئەرِیستۆتێلی، چونکە ئەرِیستۆتێلیس و قەدیمییەکان لە "جێ"ی تایبەتیی بوونەوە دەیانڕوانی و خەریکی زانست دەبوون. بە واتایەکی دی، ئەوان لە سفرەوە دەرنەدەچوون.

زانستە سروشتییەکان لەم سەردەمەدا مێتۆدی گونجاو بەکاردەهێنن و بەو ڕێیەوە دەستکەوتی مەزن دەخەنەوە، لێرەشدا دوو مێتۆد بەردەخرێن: یەکەم، ئەزموون کە مێتۆدیانە لە ئێکسپێریمێنت (تەجروبە) و ڕوانینەوە بەدیدەهێنرێت. دووەم، بەکارهێنانی هزرینی ماتماتیکیی پەتی کە ڕووداوە فیزیکییەکان ڕوون دەکاتەوە و لە یاسادا فۆرمولەیان دەکات.

زانستەکانی ئەزموون مێتۆدی ئەمپیری (تەجریبی) هەڵدەبژێرن، واتا ئیندوکسیۆن (ئیستیقرا!) وەک مێتۆد وەردەگرن، ئیندوکسیۆنیش بەواتای: بەئەنجامگەیاندن یان هێنانەنێوان. ئەم مێتۆدە ڕێگەبڕینێکی داماڵەرە (تەجریدکەرە) لە دەرککراوە تاکەکانەوە بەرەو ژوور ڕووەو گشتێتی یان ڕووەو فۆرمولەکردنی یاسای گشتی. بۆ نموونە دوو پێشدانراومان هەن کە بریتین لە "سۆکرات بمرە" و "سۆکرات مرۆڤە"، کە لێوەیان ئەم دەرەنجامە دەکەوێتەوە: "کەواتە سەرجەم مرۆڤان بمرن". مرۆ لێرەدا لە تاکە ڕەوشەوە (حاڵەتەوە) سەردەکەوێت ڕووەو ئەنجام و پاشان دانانی ڕێسا.

لێ ماتماتیکی پەتی ڕێگەیەکی پێچەوانە دەگرێتە بەر؛ ئەم مێتۆدی پێشئەزموونی (ئاپریۆری) هەڵدەبژێرێت، واتا لە بنەمای ئاوەزمەندانەی یەکەم و پەتییەوە سەرچاوە دەگرێت تاکو لێوەی سەرجەم زانین لۆگیکییانە، بەڕێی دێدوکسیۆنەوە (ئیستینبات) وەک دەرەنجام بباتەوە. دێدوکسیۆن واتای بۆدەربردن، لێوەرگرتن، لێهەڵهێنجان دەگەیەنێت، واتا مرۆ لە پێشدانراوی گشتییەوە ڕووەو دەرەنجامی تایبەتیی ئەوتۆ هەنگاو دەنێت کە لۆگیکییانە

زەرووره. بۆ نموونە: پێشدانراوی یەکەم: سەرجەم مرۆڤان بمرن؛ پێشدانراوی دووەم: سۆکرات مرۆڤە؛ دەرەنجام: کەواتە سۆکرات بمره. مرۆڤ لێرەدا لە ڕێساوە ڕووەو ڕەوش دەڕوات و پاشان ئەنجام دەردەکێشێت.

پابەند بەم دووبەرەییەوە کە لە زانستە سروشتییەکاندا هەبوو، دوو ڕێبازی فەلسەفەیی سەرهەڵدەدەن کە بریتین لە ئەزموونگەری و ئاوەزگەری [1].

لە بنەڕەتدا هەردوو ڕێبازەکە هەمان پرسیاریان هەیە: ئایا چۆن مرۆڤ بە زانین دەگات؟ بە شێوەیەکی دی ببێژین: ئایا مەئریفە لە چە سەرچاوەیەکەوە چێدەبێت؟ ئەزموونگەری بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەزموونی سێنسییەوە دەردەچێت، واتا دەبێژێت: ئێمە گەرەکە تەنیا پشت بە ئەزموون ببەستین. لەنێو سێنسەکانماندا توخمی دەرککراو هەن، کە ڕاستن و بۆیە ناتوانین گومانیان لێ بکەین، بەڵکو دەتوانین ڕێکیان بخەین و بەم ڕێکخستنەش مەئریفە ئاوەڵا بکەین. بە واتایەکی دی، ئەزموونگەری هیچ شتێکی لە هۆشدا ڕسکاو یان ئاپریۆری وەرناگرێت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە تاکە توخمی دەروونییەوە سەرجەم ناوەڕۆکەکانی ئاگایی و پێکهاتەیان وەک دەرئەنجام بباتەوە. کەواتە ئەم ڕێبازە فەلسەفییە لە تاکەکانەوە بۆ گشتێتی یان گشتیدان سەردەکەوێت.

لێ ئاوەزگەری بە پێچەوانەوە پشت بە ئاوەزی پەتی دەبەستێت. ئەم دەبێژێت: تەنیا ئاوەز دەتوانێت بەبێ گرنگیدان بە سێنسەکانمان مەئریفەی جیهان ئاوەڵا بکات. کەواتە مەئریفە بۆ ئاوەزگەری لە دەرککردنی سێنسییەوە نایەتە گۆڕێ، بەڵکو تەنیا لە هزری پەتییەوە، یان پوختتر ببێژین، لەو ئیدێیانەوە کە لەنێو خودی هۆشەوە ڕسکاون، بە واتایەکی دی لە قەوارەی ئاپریۆرییەوە (پێشئەزموونییەوە). کەواتە ئاوەزگەری لە گشتێتییەوە بۆ تایبەتێتی دەچێت، لێرەشدا گشتێتییەکانی ماتماتیک وەک بنەما وەردەگرێت کە تەنیا بە ئاوەز شیاوی ناسینن. هزردۆزی پیتاگۆراس هەردەم ڕاستە، جا کێ کەی و لەکوێ بەکاریبهێنێت.



فەیلەسوف و سیاسەتمەداری ئینگلیزی فرەنسیس بەیکن (1561-1626) وەک ئەزموونگەرا مێتۆدی ئیندوکسیۆن ئاوەڵا دەکات، واتا لە دەرککردنی سێنسییەوە (مەحسوسەوە) دەردەچێت. بەم شێوەیە وەدەرنان لای بەیکن دەبێت بە بنەمای هزرین. مەبەست لەوەیە کە گەرەکە هێدی هێدی هەموو ئەو شتانە فڕێبدرێن یان وەلاوە بنرێن کە هۆکاری چێبوونی هەر شتێک نین کە مرۆ وەک ئۆبژێکت دایناوە و بەمەش بۆ توێژینەوە تەرخانی کردووە. مرۆ گەرەکە بە دیدی بەیکن سەرەتا هیپۆتێز (گریمانە) دابنێت، ئەوجا بەڕێی ئێکسپێریمێنتەوە (تەجروبەوە) ئەزموونان کۆبکاتەوە، پاشان سەرەنجام دەربکێشێت و ڕستەی گشتی فۆرموله بکات. بێگومان هاوکات پێویستە ڕستەکان بە یاریدەی تەجروبەی نوێ بخرێنە ژێر تاقیکردنەوەوە.

بەم شێوەیە ئێستا کاری زانستی لای بەیکن چیدی ئەوە نییە کە مرۆڤ ئاقڵانە بەبێ پرسیارکردن لە خۆی کۆشش بکات و لێبتوێژێتەوە، لای مامۆستایانی زیرەک تاقیکردنەوەی قورس ئەنجام بدات، پاشان بڕوانامە وەربگرێت و خۆی شانازانە لە ڕیزی زانایانی سوننەتیدا زیت بکاتەوە، نەخێر، مرۆڤ دەبێت بوێرێت سەرەتایەکی نوێی ڕیشەیی بچەسپێنێت، ئەمەش بە واتای مرۆڤ گەرەکە بە یاریدەی مێتۆدی ئیندوکسیۆن هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی شیاوی ڕوونکردنەوە بدات. لێ پێشمەرجی ئەم کارە ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی سەرەتا لە وەهمەکانی، واتا لە پێشبڕیار (حوکمی موسبەق) ئازاد بکات. مرۆڤ بە دیدی بەیکن لە جیهانێکی ڕواڵەتیدا دەژی کە ئەو خۆی دایمەزراندووە و سەرسەختانە بەرگریی لێدەکات، چونکە ژیان تێیدا ئاسانترە وەک لەوەی مرۆڤ خۆی بخاتە بەردەم ڕاستیی "ڕەق کە حەقە". کەواتە مرۆڤ بەبێ ڕەواندنەوەی وەهمەکانی ناتوانێت ڕێگەی ڕووەو مەئریفە بگرێتە بەر.

بەیکن وەهمەکانی مرۆڤان ناو دەنێت ئیدۆل (Idol) کە چوار دانەن و ئەوان گیرۆدەیان بوون: 1) وەهمی ڕەگەزی (Idola tribus)، واتا مرۆڤ لە سروشتییەوە، وەک مۆرکی ڕەگەزی، خۆی یەکجار بەرز دەنرخێنێت، لێرەشدا خوازیاری ئەوەیە کە ئەزموونە کەسییەکانی و سروشتی خۆی تێکەڵ بە داکەوت (ڕیالێتی) بکات. کەواتە مرۆڤ هەمیشە لەنێو خۆیەوە شتێک دەداتە پاڵ ئەو داکەوتە کە لە دەرەوەی ئەو لەگۆڕێیە و سەربەخۆ لە ئەو ڕەوتی خۆی وەرگرتووە. بەمەش ئیدی مرۆڤ دەکەوێتە نێو هەڵەوە، چونکە وێنەیەکی شێواوی یان ناڕاستەقینەی داکەوتی لای خۆی چێکردووە. ئەمە هاوکات هۆکارێکە بۆ نالەباریی زانستەکان کە مرۆڤان دەیانکەن بە وانەی فێرکاری و دەیانخەنە بەردەم مرۆڤانی دی بۆ فێربوون. 2) وەهمی ئەشکەوت (Idola specus) کە بەیکن لە پلاتۆنی وەردەگرێت. مەبەست لەم وەهمە ئەوەیە کە هەر تاکەکەسێک بەڕێی ژینگە و پەروەردەوە خۆشەدەکرێت، لێ ئەو ژینگەیە هاوشێوەی ئەشکەوتێک یان هاوشێوەی قۆزاخەیەک دەوری مرۆڤی داوە و لەنێو خۆیدا وەک دیل ڕایگرتووە، کە ئیدی لێرەوە تووشی دەردی پێشبڕیار (حوکمی موسبەق) دەبێت، واتا بەبێ ئەوەی شتەکانی ناسیبێت، بڕیاریان بەسەردا دەدات و دەبێژێت کە گۆیا ئەوهان یان ئەوها نین. 3) وەهمی بازاڕ (Idola fori) گەرەکە پێشانی بدات، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە تایبەتی زمان دەسوێژی خۆڕاگەیاندنی ئەوە بە کەسانی دی. لێ خۆڕاگەیاندن بەڕێی زمانەوە وا دەکات کە مرۆڤان بخزێنە نێو بەسەهووداچوون و هەڵەوە، چونکە شتانی ئەوتۆ هەن کە مرۆڤ ناتوانێت بە وشە دیاریان بکات، یان ڕەوشی ئاڵۆز هەن و بە وشەی سادە ناهەنگێورێن، ئەوجا گەر مرۆڤ بە وشە ڕوویان تێبکات، یان مرۆڤ لەبارەیان بێتە گۆ، ئەوسا شتەکان واتای ڕاستەقینەیان لەدەست دەدەن. ئەمە دەشێت ببێت بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان مرۆڤاندا. 4) وەهمی شانۆ (Idola theatri) کە بەڕێی قوتابخانە فەلسەفییەکانەوە چێدەبێت، چونکە مرۆ تیۆریی ناتەواو وەردەگرێت و هەوڵ دەدات بە یاریدەی یاسای چەوتی سەلماندن بەرگری لە تیۆرییەکە بکات.

بەیکن داوا دەکات، کە مرۆڤان گەرەکە سروشت بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بە تایبەتی بۆ سوودی کۆمەڵگە، بەکاربهێنن، واتا سروشت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لێ ژێرڕکێفخستن واتایەکی دیکەیە بۆ ناسینی سروشت، کە

بەدوویدا مرۆڤ دەتوانێت لێی بتوێژێتەوە. بە شێوەیەکی دی ببێژین، مەسەلەکە بەهەندوەرگرتنی یاساکانی سروشتە بەڕێی ناسینییەوە. گەر مرۆڤ سروشت و یاساکانی بناسێت، ئەوسا دەتوانێت لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا بەکاری بهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە بۆ بەیکن "زانین بریتییە لە دەسەڵات" کە جیهان لە جادوو پاکدەکاتەوە.

## 7

فەیلەسوفی فەرەنسی ڕێنێ دێکارت (1596-1650) دامەزرێنەری ئاوەزگەریی نوێیە. ئەو لە ئاوەزی پەتییەوە گۆڕان بە فەلسەفە وەک زانستێکی گشتگیر دەدات، کە بە دیدی ئەو زانستێکی بە کاملی زانراوە و لەبەر ئەم هۆیە نەشیاوە گومانی لێبکرێت.

دێکارت سەرەتا لە توانستەکانی هۆشی مرۆڤ دەڕوانێت و لە نێویاندا تەنیا "ئینتوئیسیۆن" و "دێدوکسیۆن" بە گونجاو دادەنێت. بە دیدی ئەو ئینتوئیسیۆن دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت بە مەئریفەی شتەکان بگەین بەبێ ئەوەی بکەوینە هەڵەوە، چونکە ئینتوئیسۆن ڕوانینی ساناى ئاگاییە لە کرۆک یان لە گەوهەر، کەواتە بریتییە لە کرۆکدیدی. لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە بۆچی بە دیدی دێکارت پێویست نیە لە ڕەوشی ئەم چالاکییەی هۆشدا لە هەڵە بترسێین. مرۆ لە کرۆکدیدیی یان گەوهەردیدیی هۆشدا "بڕیار" (حوکم) نادات. ئاخر ئەوە هەمیشە بڕیارە بەسەر پێشبینییە دەرککراوەکاندا کە مرۆڤ دەخاتە هەڵەوە، واتا دەبێژێت گۆیا پێشبینییەک بەتەواوی ئەوهایە نەک ئەوها، کەچی هەر خۆی زۆر جار بۆی دەردەکەوێت کە لەو بڕیارەیدا بەسەهوودا چووە. لێ ئینتوئیسیۆن بە پێچەوانەی بڕیار بریتییە لە تێگەیشتنی ساناى هۆشی پەتی و بەئاگا، کە ئیدی لەسەر شتی ئاگالێهاتوو هیچ گومانێک چێنابێت. ئینتوئیسیۆن، یان لێڕوانینی ڕوون و ئاشکرا، یەکەم بنەمای فەلسەفەی دێکارتە. نمونەکان بۆ ئەم جۆرە لێڕوانینە بریتین لە هزردۆزەکانی ماتماتیک، کە تەنیا لەتەک بابەتی پەتی و سادەدا خەریکن و هیچ شتێکی مەحسوس (دەرکی) وەک پێشمەرج دانانێن، کە ئیدی وەک شت کێشەکە گومانشیاو بکات. بۆ نموونە هزردۆزی پیتاگۆراس، یان ڕستەی "2+3=5" هەمیشە ڕاستە، ئەوەش هیچ گرنگ نیە کە داخۆ بابەتەکان لەتەک 2، 3 یان 5 بگونجێن یان نەگونجێن، بۆیە هەر ئەوەندەی مرۆ بە ڕوون و ئاشکرایی لە کرۆکیانی ڕوانی، ئیدی دەتوانێت بڕیار بدات.

دێدوکسیۆن (هەڵهێنجان) بریتیە لە دووەم گەرەنتیی ڕاستی. هەڵهێنجان دەبێت هەمیشە دوای ئینتوئیسیۆن، دوای تێگەیشتنی ساناى هۆش، بەربخرێت. هزر بەدووی ڕوانینی ڕوون و ئاشکرادا لە کرۆکێک یان گەوهەرێک بە زەرووری دەکەوێتە هەڵهێنجان، ئەمەش وەک هزرینێکی زنجیرەیی نەپچڕاو کە هەنگاو بە هەنگاو لە خۆی بەئاگایە. بۆ نموونە مرۆ لە کرۆکی بازنە دەڕوانێت و یەکسەر بە ڕوون و ئاشکرایی بۆی دیاردەدات کە هەر پنتێکی سەر چێوەکەی هەمان دووری لە چەقی بازنەکەوە هەیە، ئەوجا مرۆ بەدووی ئەوەدا دەبێژێت، واتا بڕیاردەدات کە لە بازنەدا هەر پنتێکی سەر چێوە هەمان دووریی لە چەقەوە هەیە. کەواتە مرۆ نەچووە سەرەتا

ئاقڵانە پێناسەی بازنە دەرخ بکات و وەک "توتی" بیڵێتەوە، بەڵکو دوای ڕوانین لە کرۆکی بازنە پێناسەکەی دەربڕیوە.

بە دیدی دێکارت ئەم دوو چالاکییەی هۆش گونجاوترین ڕێگەی گەیشتنن بە زانین، واتا بە ڕاستی. کایەی جیهانی ماتەری تەنیا کایەی ژماردنە، واتا کایەیەکی میکانیکیی پڕە لە پەستان و لێدان، هەروەها ئاڵۆزکاو و هەمەلایەنییە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی هیچ مەئریفەیەکی جەختی لێ بکرێت

لێ پرسیاری ئەوە، کە داخۆ چۆن مرۆ بە زانین، واتا بە ڕاستی دەگات و خۆی لە هەڵە بەدوور دەگرێت، دێکارت ئەمیان بە شێوەیەکی شرۆڤەیی ڕوون دەکاتەوە.

گومان بریتییە لە مێتۆدی دێکارت بۆ گەیشتن بە زانین. لێ گومانکردن (واتا هزرین) لە جیهانی دەرککردنەوە دەستپێدەکات، کەواتە ئێمە سەرەتا مرۆڤمان هەیە کە لەنێو جیهاندا دەژی و شتەکان دەرک دەکات. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ لە گومانکردندا هەموو چالاکییەکی هۆشەکی ڕادەگرێت و چیدی ئاقڵانە بە خوێندنەوەی کتێبە ئەستوورەکانی زانایانی سوونەتی خۆی پێناگەیەنێت و لەسەر بناغەی تیۆرییەکانیان پەرە بە زانستی سوننەتی بدات، بەڵکو سەرەتا پرسیار لە خۆی دەکات کە داخۆ چۆن بتوانێت بە زانین بگات. ئاشکرایە لەم ڕەوشەدا سەرەتا دەرککردنەکانی خۆ دەبن بە بابەتی گومانلێکردن، چونکە مرۆڤ لەنێو جیهاندا پرسیار ئاڕاستەی خۆی دەکات، لێرەشدا ئەو وەک ژیاو و دەرککەری نێو جیهان ڕێگەی پرسیارەکانی ئاوەڵا دەکات. سەرەتا ئەوە ڕاستە کە مرۆڤ بەڕێی سێنسەکانیەوە شتان دەرک دەکات (درەختێک دەبینێت، موزیکێک دەبیستێت، گوڵێک بۆن دەکات و هتد)، لێ سێنسەکان زۆر جار مرۆڤ بەهەڵەدا دەبەن، لەبەر ئەم هۆیە شایانی متمانەپێکردن نین. من بۆ نموونە لە دوورەوە زیندەوەرێکی تاریکڕەنگ دەبینم و وا دەزانم بزنێکی مووڕەشە، کەچی کاتێک لێم نزیک دەبێتەوە، بۆم دەردەکەوێت کە ئەوە پیرەمێردێکە لە پاڵتۆی ڕەشدا. من لە کۆڵانی ئەودیمان دەنگە دەنگی زۆر دەبیستم و وا دەزانم شین و هاوارە بۆ مەرگی کەسێک، کەچی کاتێک بە پڕتاو بۆ ئەوێ دەڕۆم، دەبینم لەوێ شایی دەگێڕرێت. لێ لەبەر ئەوەی سێنسەکان هەڵەبەرن و لێرەشەوە گومانشیاون، ئەوا بەزەرووری ئەو زانستانەش دەکەونە ژێر گومانەوە کە بەندن بە دەرککردنی سێنسییەوە، بۆ نموونە زانستە سروشتییەکانی وەک فیزیک و پزیشکی و هتد. ئەی ئایا مەسەلەکە لەتەک ماتماتیکدا چۆنە کە بەڕەهایی بەدەرە لە هەر شیمانەیەکی دەرککردن، هەروەها ڕستە و هزردۆزەکانی لەخۆدا ڕاستن و بەمەش بەڵگەنەویستن؟ گومانی تێدا نییە کە ماتماتیک بێهەڵەیە، کەچی هەر من خۆم بۆم ئاشکرا بووە کە زۆر جار لە شیتەڵکردنی پرسیاری ماتماتیکیدا بەهەڵەدا چووم، یان چووم بۆ تاقیکردنەوەی ماتماتیک و دوای تەواو بوون بە جەختی گۆتومە کە نمرەی 90 لە 100 وەردەگرم، کەچی نمرەی 20 لە 100 ئەنجامی تاقیکردنەوەکەم بووە. ئایا هۆی ئەم هەڵەیە چییە؟ ئایا گیانێکی فریودەر (شەیتانێک) مرۆڤ بەهەڵەدا دەبات یان ئایا خودا بە چەشنێک مرۆڤی دروست کردووە کە تەنانەت لە ماتماتیکیشدا نەتوانێت بە جەختی کاربکات و هەردەم بەهەڵەدا بچێت؟ من دەبێت ئا لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەم. من دەبێت جارێ ساغی بکەمەوە، داخۆ ئەو خودایە کە بە کامیل و چاک، گشتزان و قادیر

دادەنرێت، بەڕاستی من لەکاتی ناسینی شتەکاندا بەهەڵەدا دەبات یان نابات. هەتا من ئەم کێشەیە ساغ نەکەمەوە، ناتوانم متمانە بە پێشبینییەکانم لەبارەی جیهانێکی دەرەکی بکەم، کەواتە ناتوانم بە هیچ شێوەیەک خەریکی زانست بم.

بۆ من ئێستا پرسیارێکی کرۆکی ئەوەیە کە: گەر جیهانی فیزیکی و بەمەش زانستە سروشتییەکان، ئەوجا ماتماتیک و لە کۆتاییدا تەنانەت خودا شیاوی گومانلێکردن بن، ئەوا چی بۆ من بە مسۆگەری ماوەتەوە، یان ئایا چۆن من درێژە بە هزرینم لەبارەی پرسی ڕاستی/زانین بدەم؟ ئەمەش لە کاتێکدا کە من لەنێو گومانکردندا تەواو نقوم بووم؟ جگە لەوە من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ نێو جیهان، چونکە جیهان جەختیی هزرینم پێنادات. ئەی ئایا چۆن بەرەو پێش بهزرێم بەبێ ئەوەی خۆم پەرش بکەمەوە؟ من لەم ڕەوشەدا تەنیا هێندە دەزانم کە من دەهزرێم، کە من جیهان و ماتماتیک و تەنانەت خودام خستۆتە ژێر پرسیارەوە. من. لێ ئەمە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە گەر من بتوانم ئەوها ڕیشەیی گومان بکەم، ئەوا دەبێت من شتێک بم. ئێستا لێرەدا ڕووناکیم لێ هەڵدێت. ئاخر گەر تەنانەت گیانێکی فریودەر بەهەڵەمدا بەرێت یان خودا منی ئەوها جۆر دابێت کە لە ماتماتیکیشدا بەهەڵەدا بچم، ئەوا بەڵگەنەویستە کە ئەوە هەمیشە منم بەهەڵەدا دەبرێت یان دەکەوێتە هەڵەوە. لێ بۆ ئەوەی من بەهەڵەدا ببرێم یان بکەومە هەڵەوە، دەبێت من هەبم. کەواتە من هەم. ئەمە ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە و بۆیە پێویست ناکات گومانی لێ بکەم، نەخێر وەک تاکە ڕاستییەک کە پێی گەیشتووم، گەرەکە متمانەی پێ بکەم. کەواتە ئەم منە بەهۆی ڕوون و ئاشکرایی هەبوونییەوە پنتێکە و لەسەری دەگیرسێمەوە، ئەوجا دەیکەم بە دەرچەی لێهزرینەکانی دیکەم، تاکو بزانم لەکوێوە من دەکەومە هەڵەوە. من بە تایبەتی دەبێت بزانم کە داخۆ خودا هەبێت، ئەوجا گەر هەبێت، دەبێت ساغی بکەمەوە کە داخۆ ئەو خودایە فریودەرە یان نا. هەتا ئەم کێشەیە یەکلا نەکەمەوە، ناتوانم لە هیچ شتێک جەخت بم.

لەبەر ئەوەی من دەهزرێم و بۆ هزرین پێویستم بە لەش نییە، ئەوا من هزرڤانم نەک ئەو لەشە کە من خۆمم پێدەزانی و خستمە ژێر گومانەوە. ئاخر گەر سەرجەم جیهانی سێنسی (مەحسوس) شیاوی گومانلێکردن بێت، ئەوا گومان لەشی مرۆڤیش دەگرێتەوە، چونکە لەش بەشێکە لە جیهان. لێ من ئێستا دەبێت بە جەختی بزانم داخۆ ئەم منِ-دەهزرێمە یان ئەم منِ-ی-هزرڤانە چییە کە بۆ هزرین هیچی دیکەی پێویست نییە.

ئاشکرایە "من" ناوەرۆکی جیاواز لە خۆ دەگرێت، واتا ئیدێ (پێشبینی)ی هەیە. لەنێو مندا سێ جۆر ئیدێ هەن کە بریتین لە: ئیدێی لە دەرەوە هاتوو، بۆ نموونە ئەو پێشبینییانە کە من لەبارەی شتەکان هەمن؛ ئەوجا ئیدێی خۆکردوو، بۆ نموونە کاتێک من وێنای فریشتە و شەیتان یان جنۆکە دەکەم؛ لە کۆتاییدا ئیدێی لە ناخدا ڕسکاو، واتا ئەو ئیدێیانە کە لە سروشتی هزرینەوە دێنە ئاراوە، بۆ نموونە ئیدێی "منِ-هزرڤانِ-م". کەواتە لەو ڕووەوە کە ئیدێکان تەنیا جۆری تایبەتیی هزری منن، ئەوا هێندە لە یەکدی جیاواز نین، لێ لەو ڕووەوە کە ئەوان پێشبینیی ئۆبژێکتی جیاواز دەکەن، ئەوا زۆر لە یەکدی جیاوازن. بۆ نموونە هەندێک ئیدێ تەنیا پێشبینیی گەوهەرن (زوبستانسن)، هەندێکی دی تەنیا پێشبینیی تایبەتمەندییەکانی گەوهەرن، لێرەشدا ئاشکرایە کە ئەوانەی یەکەم

مەزنترن و بەگوێرەی ناوەرۆکیشیان یان بەگوێرەی بابەتی پێشبینیکراویان هەقیقیتر و کامیلترن. ئاخر گەوهەر بۆ هەبوونی خۆی پێویستی بە شتی دی نییە، لێ تایبەتمەندی ئەوەیە کە چۆتە پاڵ گەوهەر و پێوەی بەندە. من لەم ڕوانگەیەوە هەرگیز ناتوانم متمانە بە پێشبینییەکانم بکەم کە من بۆ بابەتەکانی جیهان هەمن. بۆ نموونە خۆر بۆ چاو وەک سینییەکی بچووک دیار دەدات، لێ کاتێک من هەوڵ دەدەم بە یاریدەی هزردۆزەکانی ماتماتیک لە خۆر تێبگەم، ئیدی بۆم ساغ دەبێتەوە کە خۆر چەندجای زەمینە. هەمان کێشە ئیدێ خۆکردووەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەمانیش هیچ زەمینەیەک بۆ زانین پێکناهێنن، چونکە تەنیا وەهمن یان چنراوی هۆشن. من دەتوانم پێشبینیی شەیتانێکی پێ-مانگایی یان حۆریی یەکجار جوان بکەم، لێ من ئەو پێشبینییەم تەنیا بەڕێی توانستی وێناکردنمەوە هۆنیوەتەوە. بۆیە من گەرەکە تەنیا متمانە بەو ئیدێیانە بکەم کە لە سروشتی منی هزرڤانەوە (منێ دەهزرێمەوە) ڕسکاون، ئیدێکانیش بریتین لە: ئیدێی خودایەکی بێدوایەکی، منی هزرڤان، ڕستە ماتماتیکییەکان، یاسا لۆگیکیەکان و ڕاوم (فەزا). منی هزرڤان ئەو ڕاستییە ڕوون و ئاشکرایەیە کە لە ڕەوتی گومانکردندا ساغبۆتەوە و دەرچەیەکی مسۆگەرە بۆ هزرین، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ماتەرییەوە نییە. ڕاستییەکانی ماتماتیک بۆ نموونە بریتین لە ڕستەی "5=3+2" یان هزردۆزی پیتاگۆراس. یاساکانی لۆگیک بریتین لە یاسای ئیدێنتیتێ (یەکسانی، هاوشوناسی)، یاسای دژبێژی، یاسای سێیەم بەدەرکەر و یاسای هۆکاری قایلکەر. ئەوجا لە کۆتاییدا فەزا تەنیا تێگەیەکی دیکەیە بۆ "کشان" کە تەواو جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی ماتەری. فەزا بە سێ ئاڕاستەدا بێدوایەکییانە کشاوە و لە نێویدا هیچ بۆشاییەک نییە، بەڵکو تێیدا کەرتە گەردیلە تا بێدوایەکی پەرش بوونەتەوە و تەنیا لە شێوە و بزووتندا لە یەکدی جیاوازن.

بێگومان لە نێوان ئیدێکانی گەوهەریشدا جیاوازی هەیە: ئیدێی گەوهەرێکی بێدوایەکی پتر کامیلێتی و هەقیقەت لە ئیدێی گەوهەرە دوایەکییەکان لە خۆ دەگرێت. واتا ئیدێکان چەند زۆرتر هەقیقەتی ئۆبژێکتیڤی (پێشبینیکراو) لە خۆ بگرن، هۆکارەکەشیان هێندە کامیلتر دەبێت. لێ لەنێو ئیدێکاندا تەنیا ئیدێی گەوهەرێکی بێدوایەکی لە باڵاترین ڕادەدا کامیلێتی لە خۆ دەگرێت. ئەم گەوهەرە بریتییە لە خودا کە لەنێو ئیدێکاندا باڵاترین هەقیقەتی پێشبینیکراوە، چونکە ڕوون و ئاشکراترینە. لێ ئایا چۆن ئیدێی خودایەکی بێدوایەکی هاتۆتە نێو منەوە؟ منی دوایەکی؟

دێکارت ئەم ئیدێیە بەهۆی سەرچاوەی بوونییەوە لەنێو مندا ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بەڕێی تیۆریی هۆئەنجامییەوە (کاوساڵێتییەوە) کە بنەمایەکی مێتافیزیکییە. ئەم تیۆرییە دەبێژێت: لە هۆکاری هەموو ئەنجامێکدا دەبێت ئەوەندە هەقیقەتی پێشبینیکراو هەبێت کە لە ئەنجامدا هەیە. ئاخر گەر ئەنجام هەمیشە لە هۆکارێکەوە بێتە ئاراوە، ئەوا ناشێت هەقیقەتێکی هەبێت کە بە هەمان شێوە لە هۆکاردا نەبێت. ئەوجا گەر لەنێو مندا فۆرمێکی زەروری، واتا ئیدێی جیهانێکی بێدوایەکی ڕسکابێت، ئەوا دەبێت هۆکارێکی هەبێت کە ئەویش وەک ئیدێکە بێدوایەکییە. کەواتە ئەو هەقیقەتە پێشبینیکراوە لە سەرجەم هەقیقەتە دوایەکییەکان تێپەڕدەکات، بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە ئەو هەقیقەتە بێدوایەکییە تەنیا بەڕێی خۆیەوە، واتا بۆ خۆی و لە خۆدا وەک گەوهەری بێدوایەکی،

له دەرەوەی من هەیە. هەروەها دەبێت لەنێو ئەودا وەک بێدوایەکی هەموو گەوهەرە دوایەکییەکان بە خودی منەوە درابن و ڕاستییان لەنێو ڕاستیی کامیلێتییە بێدوایەکییەکەی ئەودا ڕوونبکرێتەوە. بۆیە ئیدێی بێدوایەکێتی پێش ئیدێی دوایەکێتی لەنێو مندا هەبووە. ئاخر ئایا بەچیدا دەزانم کە من گومان دەکەم، کە من خۆزگەم هەیە، کە من ناکامیلم و هتد؟ ئەوە لە بنەڕەتدا ئیدێی گەوهەرێکی بێدوایەکیی کامیلە لەنێو مندا، ئەوجا کاتێک من خۆم بە ئەو بەراورد دەکەم، ئیدی بەو ڕێیەوە کەمایەسیی خۆمم بۆ دیار دەدات. بەڵێ، دوایەکێتی تەنیا کاتێک هەیە، گەر بێدوایەکێتی هەبێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی خودا کامیلە، ئەوا هەروەها چاکە، کەواتە نەشیاوە من لەکاتی ناسینی شتەکاندا بەهەڵەدا بەرێت. ئاخر بەهەڵەدابردن نیشانەی ناکامیلییە، ئەمەش سیمای مرۆڤە وەک دوایەکی نەک سیمای خودای کامیل وەک بێدوایەکی.

من ئیدی بەدووی جەختبوونمدا لە هەبوونی خودای کامیل و چاک، کەواتە خودای بەدەر لە فریودان، گومانم نامێنێت و دەتوانم ڕووبکەمەوە جیهان و شتەکانی نێوی. هیچ گومانی تێدا نییە کە گەر من پێشبینیی جیهانم هەبێت، ئەوا دەبێت جیهان هەبێت، چونکە پێشبینییەکەم ڕاستە. ئاخر خودا من لەکاتی ئەو پێشبینیکردنەدا فریونادات. بەم شێوەیە بۆ من دوو "شت" بەجەختی هەن کە بریتین لە گەوهەر: گەوهەری هۆش کە من خۆمم و ئیدێی جیاوازی هەیە، ئەوجا گەوهەری ماتەری. هۆش سادەیە، واتا نەکشاوە، لێ ماتەری ئاوێتەیە، واتا کشاوە. تایبەتمەندیی هۆش بریتییە لە هزرین، جۆرەکانی یادوەری و ویست بۆ نموونە توانستی ئەون. لێ تایبەتمەندیی ماتەری بریتییە لە کشان، ئەوجا جۆرەکانی شێوە و بزووتن بۆ نموونە توانستی ئەون. کایەی ماتەری جیهانێکی میکانیکیی پێکهاتووە لە پەستان و لێدان کە تێیدا تەنیا وردە ماتەریی پەرش بوونەتەوە. ئەم دوو "شت"ەی هۆش و ماتەری سەربەخۆن لە یەکدی و هەرگیز پەیوەندی لە نێوانیاندا چێنابێت، کە ئیدی هۆش هەرگیز ناکشێت و ڕاستەوخۆ کارناکاتە سەر ماتەری، هەروەها ماتەری هەرگیز ناهزرێت و ڕاستەوخۆ کارناکاتە سەر هۆش. "شتی هزرڤان" (ڕێس کۆگیتانس) و "ڕێس ئێکستێنزا" (شتی کشاو) بە ڕەهایی لە یەکدی دابڕاون.

بێگومان لەشی مرۆڤیش سەر بە جیهانی کشاوە. بۆیە لەش هیچ جیاوازییەکی لە سەئاتێک نییە کە بە یاریدەی ڕێکخراویی بەکرە و دانەکانی دەبزوێت. لەش بریتییە لە مەکینە، دڵ تەنیا پەمپێکە و خوێن بۆ نێو لەش دەنێرێت، بەو ڕێیەشەوە ژیان دەشێنێت. لەم ڕوانگەیەوە هەر شتێک کە بە سێنسە ئۆرگانییەکانم دەرککرابێت، بۆ من جەخت نییە. جەستەکان سەر بە لەشی منن، لێ من وەک هزرڤان بەند نیم بە ئەوانەوە. جگە لەوە من ئێستا بە جەختی دەزانم، کە هەر شتێک بە هزرینی ماتماتیکی نەپشکنرێت، شیاوی وەرگرتن نییە. تەنیا هزرینی ماتماتیکی دەیسەلمێنێت کە خۆر چەندجای زەمینە، بە پێچەوانەی چاو کە خۆر وەک سینییەکی بچووک دەرک دەکات.

من بەم شێوەیە پێویستە خۆم لە هەست و سۆز بەدوور بگرم، یان لە ڕەمەکی کوێر، هەروەها پێویستە بزانم کە بڕیاردان پەیوەند بە هەست و سۆزەکانەوە دەمخاتە هەڵەوە. ئەوە هەمیشە بڕیارە (حوکمە) کە من دەخاتە هەڵەوە. لێ گەر من تەنیا ئەو شتانە تاک تاک وەربگرم کە زەینم بە ڕوون و ئاشکرایی زانیونی، ئەوسا دەتوانم

بەبێ ترس بڕیار بدەم، چونکە خودا گەرەنتیدەری زانینی ڕوون و ئاشکرایە. بەمە ئێستا پرسێکی دیکەش بۆ من یەکلا دەبێتەوە: نەشیاوە لە جیهاندا لەپاڵ خودای چاک و کامیل و گشتزاندا زاتێکی فریودەر یان لەخشتەبەر هەبێت. لە بنەڕەتدا هۆی هەڵە (هەروەها خراپە) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من لە بڕیاردانمدا متمانەی تەواوەتی بە زانینی ڕوون و ئاشکرای زەینم ناکەم، بەڵکو بەزۆریی لە دەرککردنی سێنسییەوە یان تەنانەت لە ڕەمەکی کوێرەوە بڕیارەکانم دەدەم. کەواتە گەر لەنێو مندا کاری زەین و بڕیار پێکەوە بگونجێنرێن، ئەوسا شیمانەی هەڵە لەکاردەخەم، بەمەش دەتوانم تەنانەت ئەو تاکە پێشبینییانە، کە بە سێنسەکانم دەرکم کردوون، ڕۆشن بکەمەوە، واتا بییانکەم بە زانینی ڕوون و ئاشکرا و پاشان بڕیاران گرێ بدەم، بۆ نموونە بڕیاری: "دێکارت فەیلەسوفە" یان "جنۆکە بەدوێنای مرۆڤی ترسنۆکە".

8

نموونەی باڵای نوێسەردەمی ئەوروپی بریتییە لە کەسێتییەکی نوێ کە خۆی مێتۆدییانە بکات بە سەبژێکت و خۆی بخاتە ژێر باری دروستکردن. سیستەم کە هەمیشە مێتۆدییانە بەبێ کەلێن لە توخمی یان بونیادی پێکەوەگونجێنراو بنیاتدەنرێت، گەرەکە وا لە جیهان بکات کە شیاوی ژماردن بێت. فەلسەفە وەک زانست کە بە مێتۆدی ئیندوکسیۆن لای ئەزموونگەراکان، یان بە مێتۆدی دێدوکسیۆن لای ئاوەزگەراکان ئاوەڵادەکرێت، بۆ مەبەستی دەستگرتنە بەسەر سروشتدا. ئەم هەڵوێستە لە بنەڕەتدا ڕوانگە کرۆکییەکەی نوێسەردەمی ئەوروپییە، کە زانست بۆ مەبەستی پراکتیکی بنیاتدەنێت. لە نوێسەردەمی ئەوروپیدا هزرڤانان لە پێناوی تەشەنەی دەسەڵات بەسەر جیهاندا واز لە ئیدیالی گریکەکانی ئەنتیکە دەهێنن کە ڕوانین بوو لە ڕاستییەکان، لە مەغزا، ئەوەش بەڕێی بەکارهێنانی مەئریفەی زانستییەوە دەکەن. وەک بەیکن دەبێژێت: ئیندوکسیۆن دەسەڵاتمان بەسەر جیهاندا پێدەدات، چونکە بەو ڕێیەوە بۆمان دەلوێت شێوەکانی بناسین. بەڵێ، ئێستا شێوەی جیهان واتا وەردەگرێت: شێوەی شت بریتییە لە بابەتی مەئریفەی ڕاستەقینەی سروشت، لێرەشدا ناوەرۆکە بگۆڕەکانی سروشت وەک سەغڵەتکەر بۆ هزرین دیاردەدەن، بۆیە گەرەکە وەلاوەبنرێن.

تێبینی:

1 ) هزرینی ئاوەزگەری و ئەزموونگەری لە فەلسەفاندندا زۆر کۆنترن لەو ئاوەزگەری و ئەزموونگەرییە نوێیە کە لە نوێسەردەمی ئەوروپیدا سەرهەڵدەدەن. لە بنەڕەتدا ڕەگەکانی هزرینی ئاوەزگەری، نرخاندنی ئاوەزگەرییانەی هەقیقەتەکان یان ئەزموون، هەتا گریکی ئەنتیکە بڕ دەکەن. ئەمە بۆ نموونە لای پیتاگۆرییەکان دەردەکەوێت کە نرخێکی باڵایان بە ماتماتیک دەدا. یان لە ڕوانگەی پارمێنیدێس تەنیا ئاوەز دەتوانێت بوونەوەر دیاری بکات. هێراکلیت دەبێژێت کە دەرککردنی سێنسی شایانی متمانەپێکردن نییە، نەخێر، مەئریفە بەرهەمی هزرینی ئاوەزمەندە – هزرینێک کە بە خودی مرۆڤ ناخەکییە. ئەوجا سۆکراتێس نوێکردنەوەیەک لە بواری ئاوەزگەریدا ئەنجام دەدات، لێرەشدا لای ئەو زانینی تێگەیی کە بەگشتی چواندنی هەیە، باڵادەستی وەردەگرێت. پلاتۆنیش خۆی لەم پەیوەندییەدا دەبینێتەوە. پلاتۆن بوونەوەری ڕاستەقینە (ئیدێ) بە تاکە بابەتی زانین دادەنێت نەک دەرککردنی سێنسی. ئەوجا گەرچی ئەرِیستۆتێلیس فەزڵێکی تایبەتی بە ئەزموون دەدات و وەک مەرجی کاتەکییانەی مەئریفە دایدەنێت، سەرباری ئەمە زانینی گشتێتیی لەنێو هزرینی تێگەییدا دادەنێت — هزرینی تێگەیی کە بەندە بە پرنسیپی سەرچاوەییەوە.

## سەرچاوەکان:


- Coreth, Emerich: Einleitung in die Philosophie der Neuzeit, Band 1, Freiburg 1972.
- Coreth ‹Emerich / Schondorf ‹Harald: Philosophie des 17. und 18. Jahrhunderts ‹Stuttgart 1982.
- Descartes, René:
    - Abhandlung über die Methode des richtigen Vernunftgebrauchs. Stuttgart 1984.
    - Regulae. In: Ausgewählte Schriften, ausgewählt vom Ivo Frenzel. Frankfurt / Main 1986.
    - Meditationen über die Erste Philosophie. Reclam. Stuttgart 1971.
    - Meditationen über die Erste Philosophie. Meiner. Hamburg 1972.
    - Die Prinzipien der Philosophie. Hamburg 1992.

- Eisler, Rudolf: Wörterbuch der philosophischen Begriffe (In: Digitale Bibliothek der Philosophie. Zweitausendeins).
- Gerl, Hanna-Barbara: Einführung in die Philosophie der Renaissance. Darmstadt 1995.
- Hirschberger, Johannes: Geschichte der Philosophie. Bd. 1 (zweitausendeins)
- Jan Bialostocki: Spätmittelalter und beginnende Neuzeit. Propyläen-Verlag, Berlin 1990.
- Meyers großes Taschenlexikon, Mannheim, Leipzig, Wien, Zürich 1992.
- Sandvoss, Ernst R.: Geschichte der Philosophie. Wiesbaden 2004.
- Stegmüller, Wolfgang: Das Universalienproblem einst und jetzt. Darmstadt 1965.
- Storich, Hans-Joachim: Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1985.
- Windelband, Wilhelm: Lehrbuch der Geschichte der Philosophie. Tübingen 1912 (In: Digitale Bibliothek der Philosophie. Zweitausendeins)

هەروەها بڕوانە:

- Online-Wörterbuch Philosophie: Das Philosophielexikon im Internet. Dr. Günther Mensching. *www.philosophie-woerterbuch.de › Online-Wörterbuch.*

- گیونتەر کایل: ڕێنێ دێکارت. لە: کاوە جەلال: ڕێنێ دێکارت. دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی 2008.
- کاوە جەلال: ڕێنی دێکارت. داڕشتن و ڕەخنەی فەلسەفەکەی. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
- کورت فریدلاین: ڕێنێ دێکارت. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## فەرهەنگۆک

تێبینی: واتای زۆرینەی واژەکان پەیوەست بەم نووسینەوە دیاری کراوە، لێ خۆیان لە واتای دیکەشدا بەکار دەهێنرێن. بۆ وشە گریکییەکان پیتی (گ) و بۆ وشە لاتینییەکان پیتی (ل) دانراوە.

**بڕیار / حوکم**: (Das Urteil) تێگەیەکی بناغەیی لۆگیکە. بڕیار دەربڕینێکە لەسەر شتەکانی جیهانی دەرەوەی پەیڤەر کە لە دوو پێشدانراو و ئامرازێکی پەیوەندی پێکدێت. وەک: "ڕانیە شارۆچکەیە" یان "بازنە خولگەییە".

**دێبات** (ل): دانوستاندنی زانستی.

**ئەبستراکت** (ل): (موجەرەد).

**ئەمپیری**: ئەزموونی

**ئەنتیکە**: بریتییە لە قۆناغێکی مێژوویی کولتووره باڵاکان لە دەوری دەریای سپیی ناوەڕاست، کە لە سەدەی دوازدەی پێش زایین دەست پێدەکات و بە نەهێشتنی دەسەڵاتی کایزەرێتیی رۆم لە 476 پاش زایین کۆتایی پێدێت. ئەم قۆناغە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەر، فەلسەفە و زانستەکان لە خۆدەگرێت.

**ئەزموون**: بە کارکردنی کەس لە دەرککراوییە سێنسییەکانیدا سەرهەڵدەدات.

**ئێکسپێریمێنت** (لا): تەجروبە (ی زانستی)

**فاکت**: دراو (ئەوە کە بە بەرجەستەیی دراوە)

**فیلۆلۆژی**: زمانناسیی توێژینەوە لە تێکست.

**هیپۆتێز**: (گ، ل) گریمانەی زانستی، کە جارێ سەلماندنی گەرەکە. دەسوێژێکی زانینی زانستییە بۆ سەلماندنی شتە یاسادارەکان یان دراوێکی ڕیاڵ، کە لەشێوەی گەڕانەوەدا بۆ سەرچاوەی دروستبوونیان خۆی دەنوێنێت. هیپۆتێز دەبێت لە پرۆگنۆز جیا بکرێتەوە کە گۆڕانی ئایندەیی ڕادەگەیەنێت.

**ئینکڤیزیسیۆن**: دادگای کلێسە لە چەرخی نێڤیندا.

**کاردینال**: باڵاترین پایەگایە لە کلێسەی کاتۆلیکیدا دوای پاپا.

**کلاسیکی**: بوونی شێوازێکی ئەدەبی یان هونەری یان پەروەردەیی و هتد بە نموونەی کارکردن بۆ سەردەمانی دی. کوردەکان زۆر جار تێگەی "کلاسیکی" لە واتای "تەقلیدی"دا بەکاردەهێنن، کە ڕاست نییە. ئاخر ئەم دوو تێگەیە جیاوازن و هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکدییەوە نییە.

**کۆمپاس**: پێشاندەری ئاڕاستەی ڕێگە (قیبلەنوما).

**لۆگۆس** (گ): تێگە.

**مۆراڵ** (ل): سیستەمی بنەما ئاکارییە پابەندەکان بە داب و ئایین و فۆرمی کۆمەڵایەتییەوە.

**میستیک** (ل): ڕێبازی نهێنییەکان، بۆ نموونە سۆفیزم.

**نەسازی**: دژبەری

**نۆرم** (ل): پێوارە (معیار)

**ئۆبژێکت** (ل): بابەتی یان ڕەوشی دانراو لە لایەن سەبژێکتی ئاگامەندەوە.

**پانتایزم**: جیهانبینییەکە کە خودا و جیهان بە یەک دادەنێت

**پەرچاندن**: وێنەدانەوە، (بە ئەرەبی "انعکاس")

**سێنس** (ل): سێنس ئۆرگانییە و بریتییە لە تۆماری فیزیۆلۆژیانە لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا. سێنسەکان بریتین لە سێنسی بینین، بیستن، چێژتن، بۆنکردن، گرتن.

**سێنسی**: (مەحسوس)

**سەبژێکت** (ل): بکەری ئاگامەند، کە مێتۆدییانە زانست بینادەکات

**سەبژێکتیڤی**: کارێکی هزری کە تەواو لە خۆیەکی بکەرییەوە ئەنجام دەدرێت.

**سکۆلاییزم** : شێوازی هزین و فێرکاری لە چەرخی نێڤینی ئەورووپیدا

**تێگە**: (مفهوم)

**تیۆلۆژی**: زانستی خوداناسی و کڵێسە.

**ویست**: تەقەلای ناخەکیی مرۆڤە، کە هەمیشە ئاراستەی ئامانجێک لە دەرەوە دەکرێت.

**یاسای دژبێژی**: ئەم یاسایە دەبێژێت: ناشێت گۆزارەیەک و نەرێنیکردنی گۆزارەکە، واتا پێچەوانەکەی، هاوکات ڕاست بن. بۆ نموونە ناشێت ڕەوشێک لەگۆڕێ بێت و هاوکات لەگۆڕێ نەبێت: باران ببارێت و هاوکات باران نەبارێت.

**یاسای هۆکاری قایلکەر**: ناشێت ڕەوشێک یان بڕیارێک وەک ڕاست دابنرێت گەر هاتوو هۆکارێکی قایلکەر بۆ ئەوە لە گۆڕێ نەبێت کە مەسەلەکە ئەوهایە نەک بە جۆرێکی دی. دەبێت بۆ هەموو بڕیارێک هۆکارێک هەبێت کە بەڕێیەوە زەرورەی بڕیارەکە ڕەوایەتی وەردەگرێت. کەواتە گەر مرۆ بیەوێت بە ڕاستی بگونجێت، ئەوا نابێت بەبێ هۆ هیچ دەرببڕێت.

**یاسای ئیدێنتیتێ**: (a=a)، واتا هەموو شتێک یەکسانە بە خودی خۆی. بۆ نموونە هەموو تێگەیەک دەبێت لە ڕەوتی هزریندا وەک خۆی بەکاربهێنرێتەوە. جگە لەوە تەنیا کاتێک "a" یەکسان دەبێت بە "b"، گەر لە نێوان "a" و "b"دا بەرەهایی هیچ جیاوازییەک نەبێت.

**یاسای سێیەم بەدەرکەر**: ئەم یاسایە دەبێژێت: لە دوو بڕیار کە دژبێژی یەکدی دەکەن، دەبێت یەکێکیان ڕاست بێت. نەشیاوە شیمانەیەکی سێیەم هەبێت.

ئەم نووسینە سەرەتا لە گۆڤاری نۆڤین ساڵی 2009 بڵاوکراوەتەوە، لێ لەم شێوەیەی بەردەستدا پەرەی پێدراوە و سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە. ک.ج.